# ڕۆڵی سیاسی و سەربازی هۆزی ئاکۆ لە کوردستانی ژێردەستی عوسمانیدا
# ١٨١٣ - ١٩١٨

**د. بژار عوسمان ئەحمەد**

بەشی مێژوو- فاکەڵتیی ئاداب- زانکۆی سۆران- هەرێما کوردستان/ عیراق

**پوختە:**

بە درێژایی مێژوو ڕۆڵ و پێگەی هۆزەکان لە نێو کۆمەڵگایەکاندا هەبووە و کاریگەرییان بە پێی گۆڕانی کات و شوێنەکان و ڕووداوەکان جیاوازبووە، گرنگی و بایەخی و کاریگەری کۆمەلایەتی و سیاسی و زانستی و سەربازییان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، زۆرجاران هۆزەکان بوونەتە هۆی دروستبوونی دەوڵەت و ئیمپراتۆریەت و شارستانییەت، زۆرجاریش بوونەتە هۆی ڕووخان و لەناوبردنی دەوڵەت و شارستانییەتەکان. هۆزە کوردییەکانیش لەنێو کۆمەلگای کوردیدا ڕۆلی جیاواز و هەمەلایەنەیان هەبووە، لە بوارە جیاجیاکاندا پێگەی بەرزییان هەبووە، بەتایبەتی لە نێو میرنشیە کوردییەکانی سەردەمی حوکمڕانی عوسمانیدا، هەروەها لەدوای ڕووخانی میرنشینە کوردییەکانیش، هۆزە کوردییەکان ڕۆڵی سیاسی و سەربازی گرنگیان بینیووە و زۆرجاران لە هەوڵی دروستکردنەوەی کیانێکی کوردی بوونە و بەشداری جولانەوە ناسیۆنالیستییەکانی ئەوکاتیان کردووە. هەربۆیە هۆزی ئاکۆش یەکێکە لەو هۆزانەی لە نێو میرنشینی سۆراندا ڕۆڵ و بایەخێکی تایبەتی هەبووە بەتایبەتی لەسەردەمی میرمحەممەدی سۆران، هەروەها لە نێو جولانەوەکانی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد دا هەمیشە ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە و پالپشتی سەرکەوتنیان بوونە، بەلام تاکو ئێستا نەتوانراوە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی تایبەت لەبارەی ئەم هۆزەوە بکرێت و ڕاستییەکانی مێژووی ئەم هۆزە پیشان بدرێت، چونکە لەپاڵ هەستە نەتەوەییەکەی ئەم هۆزە و بەشداریان لە نێو میرنشین و جولانەوەکاندا، ئەوا دەبینین لە سالانی کۆتایی حوکمڕانی عوسمانییەکان لە کوردستان و لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، لەدژی داگیرکاری و هاتنی ڕووسەکان و بەریتانییەکانیش شەڕییان کردووە و لەدژی ئەوانیش وەستاونەتەوە.

بەگشتی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستیانەیە بۆ پیشاندانی ڕۆڵی سیاسی و سەربازییانەی هۆزی ئاکۆ لە کوردستانی ژێردەستی عوسمانیدا ١٨١٣ – ١٩١٨ دا. کە لەم ماوەیەدا لە چەندین جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا بەشداریەیکی کارایان هەبێت.

**پەیڤێن سەرەکی:** *ئاکۆ، هۆز، کورد، کوردستان، ئاغا، میرنشین.*

---

**پێشەکی:**

لە نێو مێژووی کورد دا هۆزەکان هەمیشە خاوەنی پێگەیەکی بەرز و کاریگەر بوونە، لە زۆربەی لایەنەکانی ژیاندا ڕۆڵیان بینیوە و کاریگەری خۆیان بەسەر دەوڵەت و شارستانییەتەکاندا لە هەموو ڕوێکەوە بەجێهیشتووە، بەتایبەتی لە لایەنەکانی سیاسی و سەربازییدا، چونکە لەم دوو لایەنەدا دەرفەتی لەبار و گونجاو هەڵکەوتووە بۆ دەرکەوتنیان، بەتایبەتی لە لایەنی سەربازی و سیاسیدا کە هەمیشە لە شەر و جوڵانەوەکاندا ڕۆلی سەرەکی و یەکلاکەرەوەیان بینیوە، زۆر جار سەرۆك هۆزەکان وەکو سەرکردەی سەربازی لەنێو سوپا و لەمەیدانەکانی جەنگدا بەدەرکەوتوون، بۆ ئەمەش بارودۆخە سیاسییەکانی ئەوکاتی ڕۆڵی سەرەکی بینیوە. ئەم کاریگەرییەی هۆزە کوردییەکان لە کوردستاندا، لە نێو میرنشین و کۆمەلگا کوردییەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان لە سەردەمی عوسمانییەکان و تەنانەت لە ئێستاشدا بەردەوامی هەبووە و بگرە ئەوکاتی زیاتریش بووە، هەر ئەمەش وایکردووە زۆرجاران هۆزەکان و کاریگەرییان و رۆڵیان لەشەرو جولانەوەکاندا لەنێو شیعری شاعیراندا بەدی دەکرێت و باسی بوێری و پایوەتی و سەخاوەتیان دەکرێت.

ئەوەی جێگای ئاماژەیە، هۆزە کوردییەکان لەلایەنەکانی سیاسی و سەربازی و زانستی و کۆمەلایەتی و ئابوریدا ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرزییان هەبووە، زۆرجارانیش هۆزەکان بوونەتە هۆکاری سەرەکی دروستبوونی میرنشین و دەوڵەتەکان، هەروەها لە لایەن خەلافەتی ئیسلامی و دەوڵەتە زلهێزەکانیشەوە حیسابێکی تایەبتیان بۆ کراوە و ڕێزێکی تایبەتیان لێگیراوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە هۆزێکی کاریگەری وەکو هۆزی ئاکۆ کە لەسەر سنوور و جوگرافیایەکی هەستیاری دەوڵەتی عوسمانی – سەفەوی (ئێران) بوو، ئەمرۆش لەسەر سنووری نێوان عێراق و ئێرانە، دەبینین توێژینەوەی زانستی لەبارەی ئەم هۆزە و ڕۆل و پێگەی ئەم هۆزە لە هەموو لایەنەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئاینی و ئابوری تاکو ئێستا لەبەردەستدا نییە، تەنها لەنێو لاپەڕی کتێبەکاندا لێرە و لەوێ لە نووسینی گەریدەکان و نووسرانیتری کورد دا بە پچڕپچری باسی هۆزی ئاکۆ

و گاریگەرییەکانی کراوە، بەڵام وەکو توێژینەوەی زانستی، تاکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی زانستی لەبارەیەوە نەکراوە. تەنانەت زۆرجارانیش ئەم هۆزە بە بەشێك لە ئێڵی بلباس و یاخود سەر بە هۆز و گروپیتری هەژمار دەکەن، لەکاتێکدا بەڵگەنامەکانی عوسمانی و بەریتانی و سەرچاوە مێژووییە کۆنەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هۆزی ئاکۆ هۆزێکی جیاواز بووە و لەپاڵ ناوی هۆزەکانیتری کوردیش دا ناوی هۆزی ئاکۆ هاتووە.

لەم توێژینەوەیە دا باس لە ڕۆڵی سیاسی و سەربازی هۆزی ئاکۆ لە کوردستانی ژێردەستی عوسمانیدا ١٨١٣ - ١٩١٨ دەکەین، ئەویش بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە بڵانەکراوەکانی بەریتانی و عوسمانی و قاجاری و سەرچاوەکانی تایبەت بە مێژووی کورد لەو سەردەمیدا کە لە نێو باسەکانیاندا ئاماژە بە هۆزی ئاکۆ دەکەن. هەروەها ئامانج لەم توێژینەوەیە دا ئەوەیە تیشك بخەینە سەر ڕۆڵی سیاسی و سەربازی هۆزی ئاکۆ لەنێو دەوڵەتی عوسمانی میرنشین و جوڵانەوە کوردییەکانی سەردەمی عوسمانیدا، هەروەها گرنگترین کار و چالاکییە سیاسی و سەربازییەکانیان لەگەڵ جوڵانەوە کوردیەیکان و لەنێو میرنشینی سۆراندا پیشان بدەین، ئەویش بە پشت بەستن بە چەند میتۆدێکی زانستی لە پێش هەموویان میتۆدی شیکاری مێژوویی و خستنەڕوو و شیکردنەوەی دەقی بەڵگەنامەکان وەکو سەرچاوەی یەکەم، هەروەها بەکارهێنانی سەرچاوە زانستییەکانی تری وەکو کتێب و توێژینەوە زانستییەکانی وەکو ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا، کە زانیاری ورد لە بارەیەوە دەدەن، لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەش: (ممدوح، مزوری. ٢٠٠٦. مێژووی رواندز. هەولێر: چاپخانەی منارە)و (حەمەباقی، محەمەد. ٢٠٠٠. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری ١٨٨٠ لە بەڵگەنامەکانی قاجاریدا. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە). کە سێ سەرچاوەی زۆر گرنگی ئەو بابەتەن و زانیاری ورد لەبارەی ڕۆڵ و پێگەی هۆزی ئاکۆ دەخەنە بەردەستمان، هەروەها یەکێکیتر لەو سەرچاوانەی کە زانیاریی زۆر وورد لەبارەی ئەم بابەتەوە تێدایە، بریتییە لە کتێبی (سەرگەینێلی، محمد حسن. ٢٠١٩. هۆزی ئاکۆ لەنێوان مێژووی کۆن و نوێ دا. بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی دووەم، هەولێر). کە ئەویش سەرچاوەیەکی سەرەتایی و پڕ زانیاری و گرنگە بۆ مێژووی ئاکۆ، بەتایەبتی ناوبراو زۆرترین سەرچاوەی لەبارەی هۆزی ئاکۆ کۆکردۆتەوە و گەشت و گەڕانێکی زۆری بەنێو کوردستاندا کردووە بۆ دۆزینەوەی تاك بەتاك و خێزان و بنەماڵە ئاکۆییەکان لە کوردستان، بەڵام ناوبراو هیچ میتۆدێکی شیکار و بەراوردکاری بۆ نووسینەکانی لەبارەی ئەم هۆزەوە بەکارنەهێناوە و لە بەکارهێنان و باسکردنی زانیارییەکانی لەبارەی هۆزی ئاکۆ زۆر وورد نەبۆتەوە، هەروەها

زۆرجاریش لە باسی سەرەکی کتێبەکەیدا کە باسی هۆزی ئاکۆیە لایداوە و خەریکی باسکردنی بابەتیتری مێژووی کورد و کوردستان بووە و لەگەڵ مێژووی هۆزی ئاکۆدا تێکەڵی کردوون، کە ئەمەش وایکردووە تەنها ژمارەی لاپەڕەکانی کتێبەکە زیاد ببێت و هیچیترنا.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەك و دوو تەوەرەی سەرەکی پێکدێت، کە ئەوانیش دابەش دەبنە سەر چەند باسێك، لەوانە لە دەروازە دا باسی ناو و جوگرافیای هۆزی ئاکۆ کراوە، لە تەوەرەی یەکەمدا باسی ڕۆڵی سیاسی و سەربازی هۆزی ئاکۆ لەنێو میرنشینی سۆران دا کراوە و لە تەوەرەی دووەمدا باس لە رۆڵی هۆزی ئاکۆ لەنێو جوڵانەوە کوردییەکانی کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠ کراوە. هەروەها بە خستنەڕووی چەند ئەنجامێك توێژینەوەیەکەشمان کۆتایی پێهێناوە.

لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا پێی گەیشتوین بریتیە لەوەی؛ هۆزی ئاکۆ هۆزێکی جیاواز بووە و سەر بەهیچ هۆز و ئێڵێك نەبووە، چونکە ئەم هۆزە لە چەند تیرەیەك پێکهاتووە، لەوانە باشئاغایی، مەندەمەڕ، ناودەشت (ڕەژیکەیی)، باوەبییە، خەیلە، شارۆشی، بۆڵی و بابۆڵی، گوڵانی، دۆلەرەقەیی، بابەکرئاغایی. ئەمەش بە روونی لەنێو بەڵگەنامەکانی عوسمانی و ئەرشیفەکانی بەرتیانیدا دەردەکەوێت. لەهەمان کاتیشدا دەبینین ئەرشیفەکانی عوسمانی و بەریتانی زۆرجار باسی کاریگەری و پێگەی ئەم هۆزەیان لەناوچەکەدا کردووە، چونکە ئەم هۆزە جوگرافیاکەی کەوتبووە ناو جوگرافیای حوکمڕانی دەوڵەتی عوسمانی. هەروەها لەبەر ئازایی و نەبەردی بەشێك لە ئاکۆییەکن، ئەوا ناسناوی باشئاغایی، لەلایەن میر محەممەدەوە دراوە بە یەکێك لە تیرەی ئاکۆییەکان. لەگەڵ ئەمەشدا لەدوای لەناوچوونی میر محەممەد، ئەوا دەبینین مارف ئاغای ئاکۆش لەلایەن عوسمانییەکانەوە کوژراوە و ئاکۆییەکان ناوچەکانیان تالانکراوە، چونکە بەشێك لە لایەنگرانی میر محەممەد، هەروەها خزم و کەسی میر محەممەدیش لەدوای نەمانی میر محەممەد، پەنادەبەنە بەرناوچەکانی ئاکۆیان و لەلایەن مارف ئاغاوە داڵدە دەرێن، سەرئەنجامیش لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەکوژرێت.

## دەروازە: ناو و جوگرافیای هۆزی ئاكۆ

هۆزی ئاكۆ، یەكێكە لەو هۆزە كوردییانەی لە كوردستانی ژێردەستی عوسمانی و باشوری ئەمڕۆی كوردستاندا نیشتەجێبوون، خاوەنی مێژوویەكی دێرینن و لەنێو چەندین جوڵانەوەی كوردی لەمێژووی نوێ و هاوچەرخی كورد دا ڕۆڵییان هەبووە. ئەوەی پەیوەست بێت بەناو و وشەی ئاكۆوە، بۆچوونی جیاواز لەبارەیەوە ئاماژە پێكراوە، كە هەندێك لە نووسەران ئەم ناوە دەگەڕێننەوە بۆ ووشەی دیارئاكۆ، كۆواری، ئاریاكۆ. ئاكۆئاری، ئاری كۆیە، كە ئەم ناوانەش دەگەرێنەوە بۆ ناوی ناوچەكانی دەڤەری ئاكۆیەتی لە هەزاران ساڵ پێش ئێستا. تەنانەت نوسەری كتێبی "هۆزی ئاكۆ"بەڵگەی بۆ پشتڕاستكردنەوەی ناوەكانی هێناوەتەوە و ئاماژە بە ناوەكانی ئاكۆ، ئاخكۆ، دیاكۆ، دیارئاكۆ دەكات (سەرگەینێلی، ٢٠١٩، ب١، ١٤٤-١٤٥، ١٤٩)، كە ئەویش لە ژێدەرێك سوودی وەرگرتووە و پێی وایە ئەم ووشانە كۆنن و هۆزی ئاكۆیەتی و دۆڵی ئاكۆیەتی لەم ووشانەوە هاتووە (باوەیلی، ٢٠٠٨، ١-٣). هەروەها هەندێ سەرچاوەیتر دەڵێن ووشەی ئاكۆ دەگەڕێتەوە سەر ڕەگی (EKOWS)ی هیندوئەورووپی، كە بە (ئەسپ) گوتراوە، چونكە وەكو دەگوترێت ئەم هۆزە لە كۆندا بە بەخێوكردنی ئەسپ و سوارچاكییەوە بەناوبانگ بوون و تاكو ئێستاش ئەم بایەخەیان بۆ بەخێوكردنی ئەسپ هەیە (سدیق، ٢٠١٦، ٣٣٦). هەروەها هەندێكیتر پێیان وایە دەگەڕێتەوە بۆ پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا لەبەرئەوەی ئەم ناوچەی بیتوێن شاری بتاوێن بووە پادشایەكی هەبووە كچێكی هەبووە بەناوی میهری ئاكۆ واتە مانگی ئاكۆ لەم كاتەوە عەشیرەتی ئاكۆ ناوی هەبووە ناوی ئاكۆ لەكۆوە هاتووە كەپێكهاتووە لە (٢٢) تائیفەی گەورەیە تائیفە هەیە هەزار ماڵە، هەیە كەمترە، پێنج هەزار ساڵ ئیرە بیتوێن پێیوتراوە (بتاوێت) و ناوی عەشیرەتەكەش بۆ پاشای ئەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە (كۆچەری، ٢٠١٩). ڕایەكیتریش هەیە كە پێی وایە ناوی هۆزی ئاكۆ دەگەڕێتەوە بۆ ووشەی (میهراكۆ) كە كچی حوكمڕانێكی دەڤەری بیتوێن بووە بەر لە فتوحاتی ئیسلامی بۆناوچەكەدا، كە ئەوكاتە ئەم ناوچەیە لەژێردەستی شاە كاستۆ حوكمڕانی دەكرا و كچەكەشی ناوداربووە بەجوانی، هەبوونی خودی ئەم ناو و ڕایانەش بەڵگەیە لەسەر دێرین بوونی ناوی ئەم هۆزە (العامري، ٢٠١٤، ١٢٦).

تەنانەت نوسەری كتێبی هۆزی ئاكۆ، ئاماژە بە دەقێكی بزماری كۆن دەكات كە تیایدا ناوی كۆمەڵێك كەسی تێدایە، لەنێو ئەوانەشدا ناوی ئاكۆ هاتووە، ئەم دەقەش ئێستا لە مۆزەخانەی عێراقی پارێزراوە بە كۆدی (٧٣٣٨٩ م. ع)، ژمارەی چاڵ (رقم الحفريات: TFI – 624)، بەڵام دەپرسێت كە نازانێ ئەم كەسە كێیە و كاری چییە لەنێو

ئەم دەقە نووسـینەدا؟ (سـەرگەینێلی، ٢٠١٩، ب١، ١٧٥). ئەوەی لێرەدا جێگای ئاماژە پێکردنە ئێمە بەدواداچوونمان بۆ ئەم دەقە مێژووییە کرد و لەرێگەی کەسانی پسپۆڕ و شـارەزاوە ئەم دەقەمان دووبارە خوێندەوە، پسـپۆڕان دووپاتیان کردەوە کە بە هیچ جۆرێك ناوی ئاکۆ لەم دەقەدا نییە[١] هەوەها هەندێك بۆچوونیتر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هۆزی ئاکۆ بنەچەکەی دەگەرێتەوە بۆ هۆزی گۆران، بەڵام ڕای ڕاسـتتر ئەوەیە ئەم هۆزە دەگەڕێتەوە سەر نەوەکانی (هیلال)[٢]ی کوڕی بەدری حەسنەوەیهی (العزاوي، ١٥٠).

هەندێك لە سـەرچاوەکان هۆزی ئاکۆ بە بەشـێك لە ئیلی بڵباس دادەنێین (هومر، ٢٠٢٣، ٩١)، کە یەکێکیش لەوانە لە ئینسـاکلۆپیدیای هۆزەکانی عێراقیدا، کە هۆزی ئاکۆ بە بەشـێك لە هۆزی بلباسـی هەژمارکردووە (العامري، ٢٠٠٩، ج:٦، ١٥٥). لەگەڵ ئەمەشدا ئەرشیفەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئاماژە بەناوی هۆزی ئاکۆ دەکەن و وەکو هۆزێکی سـەربەخۆ و جیاواز لە هۆزەکانیتری ناوچەکە، کە بە شـێوەی "اکو عشـیرتی" ناوی ئەم هۆزە لە ئەرشـیفەکانی عوسـمانیدا هاتووە ( .BEO. 000784. 058761 003). ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئاکۆ لە نێو ئەرشیفەکانی عوسمانیدا دەستەواژەی (عەشیرەت) بۆ هۆزی ئاکۆ بەکارهێنراوە، نەك وەکو هۆزێکی کوردی (قبیلة)، چونکە دەبێ بزانین کۆمەڵگەی کوردی بەمشـێوەیە بووە، خێزان، بنەماڵە، تیرە، هۆز، خێڵ (BOA. A. DVNSMHM. 00024. 00129)، هەروەها سـەرچاوە ئینگلیزییەکان و ئەرشیفەکانی بەریتانیش بەچەندین جۆر ناوی هۆزی ئاکۆ دەهێنن، لەوانە: ئاکۆ، ئاکو، ئەکۆ، ئەکو، ئاخۆ، ئاخو ( .Kurdistan and the Kurds' [57r] (113/122), 1 file (59 folios) .(It was created in 1919; File 4722/1918 Pt 8 'Mesopotamia: Situation' [ 97r] (204/995).

سـەرەڕای ئەمانەش دەبینین لە شـەرەفنامەدا، ناوی ئەم هۆزە دەگەڕێنێتەوە بۆ سـەردەمی حوکمڕانی میرنشـینە کوردییەکانی سـەدەکانی ناوەڕاسـت، بەتایبەتی بۆ حوکمڕانی کوردی بەناوی دەوڵەتی حەسـنەوەیهی[٣]، کە گوایە یەکێك لە کوڕەکانی هیلالی کوڕی بەدری حەسـنەوەیهی بووە بە حوکمڕان و کاربەدەسـت لەناوچەکانی ئاکۆیەتی. ئەویش دوای ئەوەی هیلالی باوکیان دەکوژرێت، ئەوا کوڕەکیان دەبێتە جێنشـینی باوکی[٤] و بووە فەرمانڕەوای شـارەزوور، کوڕێکیتریشـی دەبێتە فەرمانڕەوای ناوچەکانی ئاکۆیەتی و ئەوەیتریشیان بەرەو ناوچەکانی ورمێ (ئورمیە) دەڕوات (بدلیسی، ٢٠٠٦، ٣٧٧).

بەڵگەنامە عوسمانییەکان زانیاری جیاوازمان پێدەدەن و بە هۆزێکی جیاواز لە پاڵ بڵباسەکان ناویان هاتووە، بەتایبەتی لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە مێژووەکەی

دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٧٣ کە ئەوکاتە هۆزی ئاکۆش یەکێك بووە لەو هۆزانەی لە چوارچێوەی ویلایەتی شارەزوور بووە و ملکەچی کاربەدەستانی ناوچەکە نەبوونە و باج و سەرانەیان بە دەوڵەتی عوسمانی نەداوە (رۆوف،٢٠١٢، ٢٧٤). هەروەها لە بەڵگەنامەیەکیتری عوسمانیدا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٤٥ کە ناوی سەرۆکی هۆزی ئاکۆ لەگەڵ ناوی سەرۆکی بڵباس و چەندان بەگ و سەرۆك هۆزیتر هاتووە کە تیایدا فەمانێك بەسەر ئەم هۆزانی ناوچەکانی هەولێر و ڕاوندز و ناوچەکانی شارەزوور کراوە کە گیرایەڵی والی مووسڵ ببن و هاوکاری بکەن لەکاتی تێپەربوونی سوپای ئینکشاری بە ناوچەکانی شوێنی نشیتەجۆبوونی هۆزی ئاکۆ و بڵباس، هەروەها ڕۆیشتنی بۆ مەراغە و سابلاغ (BOA. A. DVNSMHM. 00151.00049.). خورشید پاشا°، نووسەری کتێبی (سیاحەتنامەی حدود) باسی هۆزی ئاکۆ دەکات و دەڵێت:

"ناوچەکانی ئاکۆ بریتین لە ٤٣ گوند و ژمارەی نێرینەیان شەش هەزار کەسە، ئەم هۆزە لەبەر ئەوەی ژمارەیان زۆرە، ماوەیەکی زۆرە هاتونەتە هەندێك گوندی نزیك کۆیە و لێی نیشتەجێبوون، سنووری هەوارە لەسەر چیای قەندیل نابەزێنن و بەملاو و بەولا پەل ناهاوێن و خەلێکیکی شکۆمەندن" (خورشیدپاشا، ٢٠٢٩، ٢٨٨).

هۆزی ئاکۆ لە چەند تیرەیەك پێك دێن، لەوانە: باشئاغایی، مەندەمەڕ، ناودەشت (رەژیکەیی)، باوەبییە، خەیلە، شارۆشی، بۆڵی و بابۆڵی، گولانی، دۆلەرەقەیی، بابەکرئاغایی (سەرگەینێلی، ٢٠١٩، ١٠٤-١٠٥).

ئەوەی پەیوەستیش بێت بە شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم هۆزە، بەشێوەیەکی گشتی لە دەوروبەری شاری ڕانیە و دۆڵی ئاکۆیان و ڕەواندز نیشتەجێبوون (هومر، ٢٠٢٣، ٩١)، هەروەها لە ناوچەکانی سەرکەپکان، ناودەشت، سەنگەسەر، چوارقورنە، بناری قەندیل، حاجی ئۆمەران، حاجیاوا، بەردەرەش، هەولێر، دارەتوو (سەرگەینێلی، ٢٠١٩، ١٠١). هەروەها نەوشێروان مستەفا لەبارەی شوێنی نشتەجۆبوونی ئەم هۆزەوە دەڵێت "ئاکۆیەتی بەوناوچەیە دەڵێت کە هۆزی ئاکۆی تێدا دەژیت. ئاکۆ لەلای ڕۆژهەلاتیەوە لەگەڵ مەنگوڕ، لەلای ڕۆژئاوایەوە لەگەڵ خۆشناو و لەلای سەرویەوە لەگەڵ باڵەك و لەلای خوارەوە لەگەڵ (سن، رەمك، پیران) کە سێ تیرەن لە بڵباس هاوسنوورە" (سەرگەینێلی، ٢٠١٩، ب١، ١٠٤).

ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت ئەم هۆزە لەکۆنەوە لەناوچە جوگرافیایە دیاریکراوەکەیدا هەبووە و دواتریش بە پێی گۆڕانی قۆناغە مێژووییەکان بە ناوچەکانیتری کوردستانیشدا پەرت و بلاوبوونەتەوە. هەروەها ئەگەرچی بیربۆچوونی

جیاواز لەناو نووسەران بەدیدەکرێت سەبارەت بەم هۆزە، بەڵام ئەوەی لەلامان ڕوونە ئاکۆ هۆزێکی سەربەخۆ و جیاواز بووە، هەروەها هەبوونی ئەم هۆزە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی حوکمڕانی دەوڵەتی حەسنەوەیهی. لەهەمان کاتیشدا دەبینین ئەرشیفەکانی عوسمانی و بەریتانی زۆرجار باسی کاریگەری و پێگەی ئەم هۆزەیان لەناوچەکەدا کردووە، چونکە ئەم هۆزە جوگرافیاکەی کەوتبووە ناو جوگرافیای حوکمڕانی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها کەوتبووە سەر سنووری نێوان دەوڵەتانی عوسمانی و سەفەوی (ئێران).

**تەوەرەی یەکەم: ڕۆڵی سیاسی و سەربازی هۆزی ئاکۆ لەنێو میرنشینی سۆران دا:**

هەروەکو لە دەروازەدا ئاماژەمان بە شوێنی جوگرافی هۆزی ئاکۆ کرد، ئەوا ئەم هۆزە بەهۆی بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافییەکەیەوە هەمیشە پەیوەندیەیکی بەهێزی لەگەڵ میرنشینی سۆران[٦] هەبووە و پاڵپشتی سەرەکی میرانی ئەم میرنشینە بوونە، خودی ئەم پەیوەندییەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی سەرەتای درووستبوونی میرنشینەکە، بەڵام ئەوەی زیاتر شوێنەواری بەجێهێشتوە و سەرچاوەکان گرنگیان پێداوە، دەبینین هەر لەسەردەمی خانزادی سۆرانەوە ئەم پەیوەندیەی زیاتر بەدەر دەکەوێت و لەسەردەمی میر محەممەدیش ئەم پەیوەندیەی دەچێتە ترۆپکی دڵسۆزی و هاوکاری و هاوئاهەنگی یەکتری. هەربۆیە لەم دوو باسەی خوارەوەدا باسێکی خێراش بەنێو ژیان و کارەکانی خانزادی میری سۆران دەکەین و دواتریش باس لە میر محەممەد و هەوڵە سەربازییەکانی و ڕۆڵ و پێگەی ئاکۆییەکان لەنێو میرنشینی سۆراندا دەکەین.

**باسی یەکەم/ هۆزی ئاکۆ لەسەردەمی خانزادی میری سۆران (١٦٢٠ - ١٦٤٨):**

یەکێك لە میرەکانی میرنشینی سۆران ناسرابوو بە خانزادی میری سۆران، ناوبراو ناوی تەواوی خانزاد خاتوون کچی عومەر بەگی میری سۆرانە، لەدوای کوژرانی باوکی دەسەڵاتی وەرگرتووە و نزیکەی ٢٢ ساڵ حوکمڕانی کردووە (هەروتی، ٢٠١٨، ١٠٧)، بەڵام بەڵگەنامەکانی عوسمانی پێمان دەڵێن کە ناوبراو تاکو ساڵانی ١٦٤٨ز حوکمی کردووە و ئینجا کوڕەکەی هاتۆتە شوێنی (BOA.TSMA.E.1062.06, 1648,1).

خانزدا خاتوون لەدوای ئەوەی هاوسەرەکەی میر سلێمان شاکەلی لەلایەن عوسمانییەکانەوە لە بەغدا دەستگیرکرا، ئەوا سەرچاوەمان پێمان دەڵێن کە خانزاد خاتوون زۆر بە باشی جڵەوی دەسەڵاتی میرنشینەکەی گرتە دەست و خزمەتی میرنشینەکەی کردووە و کاتێکی زۆری تەرخانکردووە بۆ گوێگرتن لە کێشەکانی خەڵکی و چارەسەرکردنیان، ناوبراو لەماوەی حوکمڕانیدا چەندین کاری گرنگی وەکو دروستکردنی چەندین مزگەوت و قەڵای ئەنجانمدا. جگە لەوەش پایتەختی

میرنشـــینەکەی لە قەڵای دوینەوە گواســـتەوە بۆ هەریر، بۆ پاراســـتنی ئاســـایش پایتەختەکەی لە مەترســـی و هێرشـــی دوژمنان قەڵای کەلاسـۆی درووســـتکرد تەنانەت سـوپایەکی گەورەی ئامادە کرد و هێرشـی کردە سـەر زۆرێک لە شـارەکانی دەوروبەری میرنشینەکەی (زکي بك، ٢٠٠٠، ٢٣٤).

خانزاد لەماوەی حکمڕانی خۆیدا چەندین قەڵا و قولـــــــەی درووســـــتکرد، لەسـەردەمی ئەودا ئاسـایش بەجۆرێك بەرقرابوو کە تاکو ئێستاش خەڵك ستران بۆ یادی چاکی ئەو دەڵێن و شـاعیران لەسـەردەمی خۆیدا سـتایشـیان کردووە لەگرنگترین ئەو قەڵایانەی خانزاد درووســتیکردون، بریتین لە قەڵای بانەمان، قەڵای بنەی هەریر، هەروەها قەڵایەکیتر لەناوچەی باڵەك لە ڕۆژهەڵاتی ڕایات(هەروتی، ٢٠١٨، ٩٢،٩١،٩٠).

تەنانەت دوای چەندین سـەدە، ئەندازیاری بەریتانی "هاملتن" کە لەسالانی ١٩٢٧-١٩٣٢ز لە ناوچەکەدا ژیاوە و ڕێگای ناوداری ناســـراو بە (هاملتۆن)ی درووســـتکردووە، ناوبراو بە پشـــت بەســـتن بە قســـەکانی موکریانی لەبارەی خانزادەوە دەڵێت "خانزاد حوکمی لەوڵاتی فارسـەوە هەتا دەشـتی هەریر دەڕۆیشـت.. تەلارەکەیم بینی کە هێشـتا لەسەر شاخی هەریر بەپێوەیە" (هاملتن، ٢٠١٣، ٢١١؛ هەروتی، ٢٠١٨، ٩١-٩٢)[٧].

ئەوەی پەیوەسـتیش بێت بە پاڵپشـتی و ڕۆڵی هۆزی ئاکۆ لەو سـەردەمیدا، ئەوا دەبینین ئاکۆییەکان ئەوکاتە پاڵپشـــتی خانزادی ســـۆران بوونە، لەدواتریشـــدا خانزاد لەناوچەکانی ئاکۆیەتیدا پێگەیەکی بەهێزی هەبووە و هەمیشـــە ئاکۆییەکان پاڵپشـــتی خانزاد بوون، تەنانەت خانزاد خاتون یەکێك لەو قەڵایانەی ئاوەدانی کردۆتەوە ئەوا لە دۆڵی ئاکۆیان بووە، کە ئەم قەلایەش بە تەپکی خانزاد لە میرەبەگ ناســـراوە (ســـەرگەینێلی، ٢٠١٩، ١٢٨). تەنانەت ناســاندنی خودی ناوی ناوچەکەش بە (میرە بەگ) کە یەکێکە لە میرانی میرنشـینی سـۆران دەرخەری ئەو ڕاسـتییەیە کە پەیوەندییەکی بەهێز و پتەو لەنێوان هۆزی ئاکۆ و میرنشـــینی ســـۆران هەبووە. ئەمەش زیاتر لە قۆناغەکانی دواتریشـــدا دەبینین کە ئاکۆیەکان بەشـــداریەیکی چالاکیان لە رووی سەربازی و سیاسییەوە لەنێو میرنشینی سۆران هەبووە.

تەنانەت لە دواتریشـدا دەبینین ئەگەرچی نادرشـای ئەفشـار (١٦٨٨-١٧٤٧) لەدوای هاتنە سـەر دەسـەڵات لە ئێران و ئەنجامدانی فراوانخوازییەکانی لەسـەرجەم ناوچەکانی دەوروبەریدا، تەنانەت بەرەو ناوچەکانی دەوڵەتی عوســـمانیش هات و زۆر ناوچەی دەســـت بەسـەرداگرت، بەڵام لەدوای ئەوەی سـەرکەوتوو نەبوو لە فراوانخوازییەکانی و لە خاکی عوسـمانیدا کشایەوە، ئەوا دەبینین سـوڵتانی عوسـمانی بە فەرمی ڕێگا بە هۆزی ئاکۆ و

بڵباس دەدات کە دەتوانن هێرش بکەنە سەر خاکی ئێران و هەموو ئەو خاکانەی بەهێز و بازووی خۆیان دەستیان بەسەرداگرت بۆخۆیان دەبێت، هەربۆیە دەبینین ناوچەیەکی بەرفراوانی خاکی ئێران دەست بەسەردادەگرن و ئێستاش ئاکۆییەکان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان (کوردستانی ژێردەستی ئێران) بوونیان هەیە (ڕۆوف، ٢٠١٢، ٢٧٧).

**باسی دووەم: ڕۆڵی سیاسی و سەربازی هۆزی ئاکۆ لەسەردەمی میرمحەممەدی سۆران:**

یەکێك لەسەردەمە هەرە بەهێز و دیارەکانی مێژووی میرنشینی سۆران دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میرمحەممەدی ڕەواندز (١٨١٣-١٨٣٦)، ئەویش بەهۆی فراوانخوازییەکانی بۆ میرنشینەکە و هەوڵەکان و هەلگەڕانەوەکانی لەدژی دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری. میرمحەممەد کوڕی میرمستەفا کوڕی ئۆغز بەگە، لە دوای زۆرتربوونی ململانێیە نێوخۆییەکانی میرنشینی سۆران، ئەوا دەبینین مستەفابەگی باوکی میر محەممەد بە ڕاوێژی خێزانەکەی بەناوی "شازەمان" کە ژنێکی تێگەیشتو و زانابوو، ئەوا لە ساڵی ١٨١٣ محەممەدی کوڕە گەورەکەی خۆی لەسەردەستی گەورە و ڕیش سپییان کردە جێنشینی خۆی و دەسەڵاتی بە کورەکەی (میر محەممەد) بەخشی (موکریانی، ٢٠٠٧، ٢٢-٢٥). لەدوای ئەوەی میر محەممەد هاتە سەردەسەڵات، خودی جوڵانەوە و فراوانخوازییەکانی وایکرد میر محەممەد مەترسییەکی زۆر بخاتە دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری، هەروەها ئەمەش بووە هۆی تێرامانی دەوڵەتانی زلهێزی ئەوکاتیش، بەتایبەتی دەوڵەتانی بەریتانی و ڕوسیا و ئەڵمانیا (عەلی، حاجی، ٢٠١٦، ٢٩-٣٠). تەنانەت لەگەل هاتنە سەردەسەلاتیشی ئەوا دەبینین مەرجی لەسەر باوکی خۆی (مستەفا بەگ) دانا، تاکو لە ڕەواندز دووربکەوێتەوە و بچێتە ناوچەی ئاکۆیەتی و لە وێ نیشتەجێ ببێت. سەرئەنجامیش هەروابوو چووە ناوچەی ئاکۆیان و لەوێدا مایەوە (بەحرکەیی، ٢٠١٩، ١٣٧). هەروەکو دەبینین قەڵای ئاکۆیانیش لەناوچەی ئاکۆیاندا هەیە، کە هی سەردەمی میر محەممەد بووە و مستەفا بەگی باوکی لەوێدا نیشتەجێبووە (سەرگەینێڵی، ٢٠١٩، ١٤١).

پێدەچێت هەڵبژاردنی ئەم شوێنە بۆ مانەوەی ژیانی باوکی لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە میر محەممەد لە پاڵپشتی و پشتیوانی ئاکۆیەیکان دڵنیابووە و زانیویەتی ئاکۆییەکان پشتیوانێکی گرنگی میر محەممەدن، هەروەها پێشینەی لەمێژینەی هۆزی ئاکۆی بینیبێت کە هەمیشە لەکاتی شەڕ و جوڵانەوەکاندا پاڵپشتی میرنشینی سۆران بوون. لەدواتریش دا ئەم پاڵپشتیانەی ئاکۆییەکان بۆ خودی میر محەممەد زیاتر بەدەرکەوت. هەروەکو دەبینین لە نامەیەکی میر محەممەد دا کە لە ساڵی ١٨١٦ ئاڕاستەی سولتان مەحمودی دووەم (١٧٨٥-١٨٣٩) سولتانی عوسمانی کردووە، کە تیایدا

شـــــكايەتی لە دەوڵەتی قاجاری كردووە و نارەزیەتی لە ســــیاســــەت و جوڵانەوەكانی قاجارییەكان بەرانبەر بە كورد و كوردستان كردووە. بۆ ئەمەش دەبینین چوارده سەرۆك هۆزی كوردی پاڵپشـتی ئەم شـكایەت و نارەزایەتییەی میر محەممەدن، كە یەكێكیش لەوانە سـەرۆكی هۆزی ئاكۆیە. هەروەها لەگەڵ مۆری میرمحەممەد، ئەوا مۆری مسـتەفا بەگی باوكیشـــی لەنامەكەدا دەبینرێت، لەپاڵ ئەمانەشـــدا هۆزەكانیتریش هەبوون، وەكو: زراری، برادۆسـت، رەوەنددۆك، خۆشـناو، سـورچی، بلباس، گەردی، باڵەك، مزووری، زێباری، لەك، هەركی. هەروەها ســـەرۆكی هۆزی ئاكۆش لەم نامەیەدا ناوی دەبینرێت و مۆری تایەبتی خۆی لە نامەكە داوە[8].

تەنانەت خەڵك و گەورەكانی هۆزی ئاكۆ بەردەوام بەشــداربوون لە جوڵانەوە و سیاسەتكردنی میر محەممەد دا، بەتایبەتی مارف ئاغا، موراد ئاغا، حارس ئاغا، محەممەد ئاغا كە هاوسـەردەمی میر محەممەد بوون و بەشدارییەكی چاالكانەیان لە حوكمڕانی و هەڵمەتەكانی میرنشـــینی ســـۆران كردووە (ســـەرگەینێلی، ٢٠١٩، ١٢٨). هەر لەو سـەردەمیش دا دەبینین لەنێو میرنشـینی سـۆراندا كۆنفیدراسـیۆنێك لەنێوان هۆزەكانی (باڵەك، سورچی، برادۆست، خۆشناو، شێروانی، ئاكۆ) درووست دەبێت و ئاكۆییەكانیش وەكو بەشـــێك لەمم كۆنفیدراســـیۆنە دەبن، كە ئەویش لە پێناوی خزمەتكردن بە میرنشینی سۆران بووە (مزوری، ٢٠٠٦، ١٦٩).

هەروەها رۆڵ و پێگەی كاریگەری ســـەرۆك هۆزانی ئاكۆ، بەتایبـەتی تیرەی ئاكۆ باشـئاغاییەكان رۆڵێكی گرنگیان لەنێو میرنشـینی سـۆراندا بینی و بەشـداری چەندین شـــەڕ و جوڵانەوەیان كردووە. هەروەكو دەبینین میر محەممەد لە ســـاڵی ١٨٣٢ فەرمان بە عەبدوللا ئاغای ئاكۆیان دەكات تاكو شـــاری ئاكرێ یاخود قەڵای ئاكری دەســـت بەســـەردابگرێت، كە ئەوكاتە زێبارییەكانی تیدابووە. لێرەدا عەبدوللا ئاغا لەگەڵ دوازدە هەزار ســـەربازەوە ئەم هەڵمەتە ئەنجام دەدات و شـــارەكەش دەگرێت، كە زۆرینەی ســـەربازانی ئەم هەلمەتەش لە هۆزی ئاكۆبوون (مزوری، ٢٠٠٦ ، ٢٣٧). هەر لەم ســـەروبەندانەشـــدابوو كە حەمەد ئاغای ئاكۆیان ناســـناوی باشـــئاغایی لەلایەن میر محەممەدەوە پێدراوە، چونكە لەوكاتەدا لەشـەڕێكی نێوان میرنشـینی سـۆران و بادینان بووە، لەم شـەڕەدا حەمەد ئاغا ســەرپەرشــتی هێزی ئاكۆیەكان دەكات و لەشــەڕەكەدا زۆربەی ســوپای میر محەممەد دەشــكێت، بەڵام ئاكۆییەكان دەمێننەوە و بەردەوام دەبن لەشەڕكردن، هەربۆیە ئەمە دەبێتە هۆی سەركەوتنیان لەشەڕەكە و ناسناوی باشئاغاییان لەلایەن میر محەممەدەوە پێدەدرێت (ســـەرگەینێلی، ٢٠١٩، ٤٧٠-٤٧١). تەنانەت لەدوای لەناوچوونی میر محەممەد، ئەوا دەبینین مارف ئاغای ئاكۆش لەلایەن عوسمانییەكانەوە

کوژراوە و ئاکۆییەکان ناوچەکانیان تالانکراوە، چونکە بەشێك لە خەڵکی و لایەنگرانی میر محەممەد، هەروەها خزم و کەسی میر محەممەدیش لەدوای نەمانی میر محەممەد، پەنادەبەنە بەرناوچەکانی ئاکۆیان و لەلایەن مارف ئاغاوە داڵدە دەرێن، بێگومان دەوڵەتی عوسمانیش زەبر و جوڵانەوەکانی مارف ئاغای لەبیر نەکردووە کاتێ لەسەردەمی میر محەممەد دا چ رۆلێکی هەبووە، هەربۆیە دەیکوژن (سەرگەینێلی، ٢٠١٩، ١٣١ ، ١٤٣).

ئەمانە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە هۆزی ئاکۆ هەمیشە پاڵپشتی میر محەممەد بووە، کوژرانی مارف ئاغاش بەدەستی عوسمانییەکان بەهۆی کاریگەری پەیوەندی و دڵسۆزی مارف ئاغا بۆ میر محەممەد و میرنشینەکەوە بووە، هەربۆیە بۆ کۆتایی هێنان بەتەواوی هەموو دەمار و دەست پێوەندەکانی میر محەممەد، ئەوا دەوڵەتی عوسمانی بیری لە لەناوبردنی کەسانیتریش کردۆتەوە، خودی مارف ئاغای ئاکۆیانیش نموونەیەکی روونە.

خۆشەویستی و ناوداری ئاغایانی ئاکۆ وایکردووە نەك تەنها خەڵکی ناوچەکە، بەڵکو کورد بەگشتی بیناسن و خۆشەویستییان بۆی دەرببڕن، تەنانەت ناو و ناوبانگی و خودی کوژرانی ئاغایانی ئاکۆش لە شیعری شاعیرانی کلاسیکیدا ڕەنگیداوەتەوە و باسکراوە، بۆنموونە لە شیعرێکی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا بەناونیشانی " بۆ موراد ئاغای ئاکۆ" لە یادکردن و باسی مارف ئاغا و مورد ئاغادا دەڵێت:

ڕوخاندی گەردشی گەردوون لە هەر جێ ئاستانێ بوو
سوتاندی چەرخی دوون پەروەر لە هەر کوێ ئاشیانێ بوو
وەکو تەییی سجل للکتب پێچایەوە گەردوون
لە هەر مهمانسەرا ئاساری سفرە و نان و خوانێ بوو
بە حاتەم گەر بکەی تەشبیهی ئەم ئاغایە بێ عەقڵی
کە فەرقی ئەم لەگەڵ ئەو ئاسمان و ڕێسمانێ بوو
درێغ بۆ خانەدانی مارف ئاغای سەروەری ئاکۆ
کە جێگەی عەیش و عەشرەت، مەنبەعی ئەمن و ئەمانێ بوو
لە جوود و بەخشش و ئەنعامی خۆی و قەوم و ئەتباعی
وەکوو شانامە و ڕۆستەم لە هەر جێ داستانێ بوو
کەیومەرسی دووەم، جەمشیدی سانی، خوسرەوی سالیس
سولەیمانی زەمان، ئەسکەندەری ساحێبقرانێ بوو

شەوی وەک زوڵفی یارە و ڕووی حەسوود و بەختی من تاریک
لەگەڵ دیجوور و یەلدا وا حیسـاب کە تەوئەمانێ بوو
بە نامەردی شەهیدیان کرد وەکوو حەمزە و عومەر، دوژمن
موراد ئاغا کە ڕۆژی جەنگ و دەعوا قەهرەمانێ بوو
کەسێ ئەم سەروی ڕەعنایەی لە پێ خست گەردنی بشکێ
چ زێبا سوورەتێ، یا ڕەب، چ شیرین نەوجەوانێ بوو
مورادیان بۆیە ناو نابوو لە وەختی بەخشش و ئینعام
لەبۆ بابی موراد دەستی کەریمی نەردەبانێ بوو
لە حەق شێخ و مەلا و دەروێش و سۆفی سائیل و سەییاح
وەکوو حاتەم شەفیق و دڵنەواز و میهرەبانێ بوو
ئیتر نەتبێ لە موڵکی ڕۆم ڕەزا ئوممێدی ئاسایش
لە پێش ئەم کارەدا هێشتا ئومێدی پارچە نانێ بوو

(سەرگەنێڵی، ٢٠١٩، ٤٧٧).

هەروەها شێخ ڕەزا لە چوارینەیەکیشیدا بە زمانی فارسی لەبارەی مارف ئاغاوە دەڵێت:

شعار خویش مکن شیوە، هلاکو را
بجان من کە مر بخان رئیس اکو را
مخو قریب بحرف و دروغ مودعیان
زیندە بشنو، مشنو حدیسی بە کورا

واتە:

دروشمی خۆت وەکو دروشمی هۆلاکۆ لێمەکە
توگیانی من سەرۆکی ئاکۆیان مەڕەنجێنە
بەقسەی درۆی لاف لێدەران فریومەخۆ و هەڵمەخەڵەتێ
گزوێ لە قسەی چاك بگرە و قسەی بەدگۆ مەبیستە

(سەرگەنێێڵی، ٢٠١٩، ٤٧٦).

ئەوەی لەم تەوەرەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە هۆزی ئاکۆ بەردەوام هاوسۆز و پاڵپشتی میرنشینی سۆران بوونە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکەیان کە ڕاستەوخۆ کەوتبووە سەر سنووری نێوان بابان و سۆران، بەتایبەتی

جوگرافیایەکی زۆری خاکی ئەم هۆزە و دانیشتوانی هۆزی ئاکۆ لە دۆڵی ئاکۆیان نیشتەجێن کە ئەم شوێنەش زۆر لە شاری ڕەواندزی پایتەختەکەی میر محەممەدی سۆران نزیکە. جگە لەمەش ئاغاکانی ئاکۆیان بەشداری جوڵانەوە سیاسی و سەربازییەکانی میرنشینی سۆران بوونە و هەمیشە جێگای متمانە و پێشت پێبەستانی میر محەممەد بوون. تەنانەت بۆ شەڕی سەخت و چارەنوسسازەکانیش هەمیشە پشتی هۆزی ئاکۆ و ئاغاکانی ئەم هۆزە بەستووە. لەدوای نەمانی میر محەممەدیش، دەبینین لایەنگران و خزم و کەسی میر محەممەد لەلای ئاکۆیەکان پەنادراون و مارف ئاغای ئاکۆ خزمەتی کردوون، تاکو ئەوکاتەی دەوڵەتی عوسمانی مارف ئاغاش دەکوژێت، چونکە دەزانێ بە لەناوچوونی میر محەممەدیش، ئەوا لایەنگران و دۆستانی ئەو هەرماون، بۆیە بە لەناوبردنی مارف ئاغا و هاوشێوەکانی دەتوانێت کۆتایی بە پاشماوەی میرنشینی سۆران بهێنێت و مەترسی دروستبوونەوەی ئەم میرنشینە نەهێڵێت.

## تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی هۆزی ئاکۆ لەنێو جوڵانەوە کوردییەکانی کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠

هەر لەدوای ڕوخانی میرنشینە کوردییەکان بەتایبەتی میرنشینی سۆران لە ١٨٣٧ و میرنشینی بابان لە ١٨٥١ ، کە هۆزی ئاکۆش کەوتبووە نێوان ئەم دوو میرنشینە و سەر سنووری ئێران، ئەوا دەبینین ماوەیەك جوڵانەوە کوردیەیکانیش کپ بوون و دەسەڵاتی ناوەندی و دەسەڵاتی عوسمانییەکان لەم کاتانەدا زیاتر دەرکەوتووە و هیچ جوڵانەوەیەکی نەتەوەی بیۆماوەیەك بەدی ناکرێت لەناوچەکانی ئاکۆیان. تاکو کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە ئینجا دووبارە جوڵانەوە نەتەوەییەکان دەستپێدەکەنەوە و لەم جوڵانەوانەشدا هۆزی ئاکۆ خاوەنی پێگە و مەکانەتێکی تایبەت بووە و ڕۆڵیان بینیوە، لە دیارترین ئەو جوڵانەوانەی ئەوکاتیش بریتی بوون لە جوڵانەوەی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری (١٨٨١) هەروەها جوڵانەوەی هەمزەئاغای مەنگوڕ و هەوڵ و تەقەلاکانی حەمەئاغای گەورە بۆ بەرگری لە خەڵکی هەژار و خزمەتکردنی شاری کۆیە[٩]. ئەمەش لێرەدا بەدیدەکەین ئەوەیە کە هۆزی ئاکۆ لەدوای کوژرانی مارف ئاغای ئاکۆ و لەناوچوونی میرنشینی سۆران، بەردوام لەگەڕاندا بووە بۆ هەوڵێك تاکو وەکو تۆڵەیەك لەدژی عوسمانییەکان بجەنگن، هەروەکو دەبینین لەدواتردا لە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهریدا بەشداریەیکی چالاکانەیان دەبێت (سەرگەینێڵی، ٢٠١٩، ١٤٤).

**باسی یەکەم/ ڕۆڵی هۆزی ئاکۆ لە نێو شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ١٨٨١:**

شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری[١٠] لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشەکەی لە ساڵی ١٨٨١، دەبینین کوردانی پارچەکانیتری کوردستانیش بەشداری ئەم شۆڕشە نەتەوەییە بوون کە تیایدا ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان بوو. یەکێ لەو هۆز و لایەنانەش ئەوا هۆزی ئاکۆ بوو بەشدارییان کردوە، بەتایبەتی سەرۆك هۆزەکانی ئەوکاتەی ئاکۆیان بریتی بوون لە کاکەڵڵا ئاغا و مامەند ئاغا و سوارئاغا، کە ئەمانە ئەوکاتی گەورە و سەرۆکی هۆزی ئاکۆیان بوون (سەرگەینێڵی، ٢٠١٩، ١٤٩).

ئەمەش شتێکی پشتڕاستکراوەیە لەلایەن نووسەرانەوە، بەتایبەتی بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە قاجارییەکانی ئەوکاتی کە پیشانی دەدەن ئاکۆییەکان بەشداری ئەم شۆڕشە بوون، هەروەکو عومەر فاروقی لە کتێبەکەیدا ئاماژە بە بەلگەنامەیەکی قاجاری بە کۆدی (١٢٩٨/٥٨ - ذلقعدة) کە تیایدا چەند هۆزێك ئاماژە پێدەکات کە بەشداری ئەم شۆڕشە بوون، یەکێکیش لەوانە هۆزی ئاکۆ بوو، لە پاڵ هۆزەکانیتری مەنگوڕ و پیران و زەردویی و مامەش و زازا و بالەك و گورگ (فاروقی، ٢٠١٤، ٦٤).

هەروەها لە سەروبەندی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا، لە ڕێکەوتی ٣/ ربیع الثاني/ ١٢٩٨ (١٨٨١/٣/٤) نامەیەکی بۆ محەممەد ئاغای ئاکۆ (حەمەد ئاغا)ی باوکی مامەند ئاغا ناردووە و تیایدا لەبارەی هەوڵ و تەقەلای دەستپێکردنەوەی شۆرش زانیاری پیداوە (سەرگەینێڵی، ٢٠١٩، ١٥٩).

لە نامەیەکیتری شێخ عوبەیدوللای نەهریدا، لە ڕێکەوتی ١٨٨١/٢/١٢ زاینی (١٢/ ربیع الأول/ ١٢٩٨ کۆچی)، کە تیایدا شێخ عوبەیدوللا نامەی بۆ محەممەد ئاغای کۆیانی بە دۆستی ڕاستگۆی پایەبەرز ناوبردووە (سەرگەینێڵی، ٢٠١٩، ١٥٤) و شێخ عوبەیدوللا خۆی نامەکەی مۆرکردووە و کورتەیەك لە هەواڵ و سەردانەکەی کۆلۆنێل ئەحمەد بەگی یاوەری جەنگی سولتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٨) بۆ محەممەد ئاغای ئاکۆ ناردووە و داوادەکات کە هەرکات ئەحمەد بەگی یاوەری سوڵتان سەردانی ناوچەکەتانی کرد ڕێزی لێبگرن، چونکە بەپێی سەرچاوەکان محەممەد ئاغای ئاکۆ وەکو گیانفیدا و دڵسۆزی شێخ عوبەیدوللا بووە (سەرگەینێڵی، ٢٠١٩، ١٥٦)، خودی نامەکەش بەمشێوەیە دەڵێت:

دۆستی پایەبەرز محەممەد ئاغای ئاکۆ، خوا بیپارێزێ..

دوای گەیاندنی سڵاوی ئەوپەڕی دۆستانە. ئەگەر لە ڕووی دۆستایەتی و ڕاستییەوە، لەمن بپرسیت، سوپاس بۆ خوا و دونیا و کاروباریش بەدڵی دڵسۆزانە، لەلایەن دەوڵەتی پایەبەرزی عوســـمانییەوە، جەنابی بەختەوەر، جەنابی ئەحمەد بەگی یاوەری تایبەتی حەزرەتی موبارەکی شـاهانە، بۆ هەندێ کاری تایبەتی و نهێنی هاتووە. لە هیمەتی پیرانی مەزنەوە ئەوەی مەبەســـت و ئاواتی ئێمە بووە، هەر ئەمەیە، کە لەهەموو دەوڵەتاندا عەجەمیان بەناهەق داناوە، هەقیان بە ئێمە داوە. بۆ ڕێنوێ"ی و شـــــارەزاییش، جەنابی یاوەر و هاوڕێکانی، نووری چاوان شێخ عەبدولقادر و شێخ محەممەد سەعیدم تا ڕەواندز و هەولێر لەگەڵدا ناردوون. بۆیە بە پێویســتم زانی پێشـتر ئێوەش ئاگاداربکەمەوە، تا پێشـوازی و چاوپێکەوتنی ناوبراو بکەن، چونکە لە هەموو ڕوێکەوە ئاگاداری هەموو شـــتێکن و هەموو باسێکتان بەتەواوی بۆ شیدەکەنەوە.

بەکورتی لەلایەن دەوڵەتانەوە کاروبار بەدڵی ئێمەیە. ئەوەندە هەیە دەبێ خەڵکی کوردسـتان یەکدل و یەکگرتووبن، سـوپاس بۆخودا کوردسـتانی قۆڵی ئەناتۆڵ (واتە: کوردسـتانی ژێردەسـتی عوسـمانی و ئەوپەڕی باکور و ڕۆژئاوا) یەکدڵ و یەکگرتوون. هیوادارم لە قۆڵی عێراقیشـــەوە هەروابن. غیرەتی ئایین و ئیســـلامیش لەدەســـت مەدەن. هەمیشە چاوەڕێی مژدەی سەلامەتیتانم. ئیتر بەدوعا.

١٨٨١/٢/١٢ زاینی (١٢/ ربیع الأول/ ١٢٩٨ کۆچی)" (حەمەباقی، ٢٠٠٠، ٢٣٣-٢٣٤).

ئەوەی جێگای ســەرنجە، ناردنی ئەم نامانە بۆ کوردانی ســەرســنوور بەڵگەی هەوڵدانی شــێخە بۆ دەســپێکردنەوەی شــۆڕش، هەروەها خودی ئەم نامەیەش تەنها بۆ ســـەرۆك هۆزی ئاکۆ نەنێردراوە، بەڵکو بۆ مەمەند ئاغای پیرانیش نێردراوە (حەمەباقی، ٢٠٠٠، ٢٣٤)، تەنانەت خودی ناردنی ئەم نامانە لەلایەن شێخەوە بۆ سەرۆك هۆزەکانی سەر سنووری ئێران – عوسمانی بەتایبەتی هۆزەکانی مامەش، ئاکۆ، جاف، بڵباس لە ئەرشیفی عوســـمانیشـــدا ڕەنگی داوەتەوە و ئاماژە بە هەمان ڕاســـتی ناردنی ئەم نامانە دەکرێت. بەتایبەتی لە بەڵگەنامەیەکی عوســـمانیدا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەند مانگێك بەر لەدەســـتپێکردنی شـــۆڕشـــەکە، ڕێك لە ڕێکەوتی ١٧/ ٨/ ١٢٩٥ ڕۆمی، ١٨٧٩/٨/٢٩ و تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات شـێخ عوبەیدوڵلا نامەی بۆ هۆزەکانی مامەش و ئاکۆ و هۆزەکانی نیشـتەجێی لاهیجان ناردووە، لەگەڵ نامەکەشـیدا شـێخ سـدیقی کوڕی بۆ ناوچەکان ناردووە و داوای یەکبوونی کوردەکان و پاڵپشـتی و هاوکاری لەم هۆزانە دەکات بۆ دەسـتپێکردنی شـۆڕشـەکەی ( BOA. ŞFR. 00112. 00060.001 ; BOA. ŞFR. 00112. 00060.002).

خودی ناردنی ئەم نامەیەی شـێخ بۆ محەممەد ئاغای ئاكۆ، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە هۆزیە ئاکۆ بەشداری شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرین و هەمیش ئاگاداری بارودۆخی سیاسی و سەربازی ئەوکاتەی کورد و کوردستان بوون. ئەگەر وورد ببینەوە لەنامەکە بۆمان دەردەکەوێت کەوا شێخ عوبەیدوڵڵا سەرۆکی هۆزی ئاکۆیانی بەدۆستێکی دڵسۆز زانیوە و ئەمەش دەرخەری هەستی نەتەوەیی و ڕۆڵی هۆزی ئاکۆیەکانە لە جولانەوەی ڕزگاریخوازی و ناسیۆنالیستی کوردیدا. زیاتر لەمەش لە بەلگەنامەیەکیتری قاجاریدا، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٨/ ربیع الثاني/ ١٢٩٨ کۆچی، ١٨٨١/٣/١٩ زاینی، کە تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات شێخ عەبدولقادر[١١] کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لەگەڵ چەند سەرۆك هۆزێك بە هەندێك کاروباری دەورانی شۆڕش چوونەتە هەولێر و ماوەیەکیش لەوێ ماونەتەوە، لەو سەرۆك هۆزانەش بریتی بوون لە: هەمزەئاغای مەنگوڕ، محەممەد ئاغای ئاکۆ، هەروەها سەرۆکی خێڵی نورەدینی (حەمەباقی، ٢٠٠٠، ٢٥٣).

**باسی دووەم: هەڵوێستی هۆزی ئاكۆ لە ململانێی نێوان حەمەئاغای کۆیە[١٢] و سەیید ئەحمەد بەرزنجی دا:**

لە پاڵ خێرخوازی و دەوڵەمەندی و پیاوچاکییەکەیدا، حەمەئاغای کۆیە کەسێکی بوێر و چاونەترس بووە، ئەم بوێرییەشی نەك هەر لە شاری کۆیە و دەوروبەری، بەڵکو بوێرییەکەی گیشتۆتە شاری ڕانیە و دەوروبەریشی، بەتایبەتی ئەوکاتەی نێوانی لەگەڵ سەیید ئەحمەدی بابە ڕەسول، کە لە ساداتی سلێمانی بوو، تێکچدەچێت، کە ناوبراو لە سەردەمی عوسمانلییەکاندا فەرمانی حکومەتی بۆ دەرچوو بە قائیمقامیەتی ڕانیە، حەمەئاغا، بگرە تێکڕای غەفوورییان، بەرژەوەندییان لەوەدا نەدیت دەسەڵاتدارێکی وەکوو سەیید ئەحمەدی بابە ڕەسول لە ڕانیە ببێتە قائیمقام و لەنگەری دەسەڵات بە بارێکدا بچێت کەوا ڕەنگە بەزەرەرەی خۆیان تەواو ببێت، حەماغا وەڵامی بۆ سەیید ئەحمەد نارد واز لەو نیازە بهێنێ و ڕێی ڕانیە نەگرێتەبەر، سەیید ئەحمەد بەوەدا ڕژدتر بوو لەسەر مەبەستەکەی و بڕیاری دا بە شەڕیش بێت هەر بچێت بۆ ڕانیە"[١٣]. هەربۆیە سەرئەنجام شەر لەنێوانیان ڕوودەدات (BEO_001874_140494_005_002). کە بە شەڕی (خدران) خدران ناسراوە، ئەم شەرە لە نێوان هێزەکەی سەیید ئەحمەد و هێزەکەی حەمەئاغا بە سەرۆکایەتیی (قادر ئاغا[١٤]) دروست دەبێت و بە شکستی لایەنگرانی حەمەئاغا کۆتایی پێ دێت[١٥]. بۆ ئەم شەڕە حەمەئاغاش لەشکرێکی لە هۆزەکانی ئاکۆ و بڵباس و خۆشناو و خەڵکی کۆیە درووستکرد، کە ژمارەیان دوو هەزار کەس دەبوو،

سەرجەم تێچوونەکانی وەك مەسرەفی خواردن و ئامادەکارییەکانی ئەم شەڕەش لە ئەستۆی حەمەئاغا بوون...[١٦] خودی بەڵگەنامەکەش دەڵێت:

بۆ بەڕێز: داواکاری گشتی لە موسڵ، وێنەیەك لە تەلگرافنامەی بەرواری ٢٧- شوبات-١٣١٨ی ڕۆمی:

لە نێوانی گەورەکانی بەرزنجە شێخ ئەحمەد ئەفەندی و حەمەئاغای کۆیە هەندێ ڕووداوی دووبەرەکی ڕوویان داوە کە سەیید ئەحمەد هەڵساوە بە کۆ کردنەوەی هۆزەکانی وەکوو شێخبزێنی و شێر و بورتاس، ئینجا هێرشی کردووەتە سەر گوندەکانی ژێردەستی حەمەئاغا و دوای تالانکردنی گوندەکە و کوشتنی خەڵکی گوندەکانی سەر بە ناوبراو، ئینجا حەمەئاغاش بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوە و بەرگریکردن دەستی کردووە بە کۆکردنەوە و وەرگرتنی هاوکاری لە هۆزە کانی مەنگوڕ و ئاکۆ و چەند هۆزێکی تری ناوچەکە و دەستی کردووە بە بە ڕاونانی شێخبزێنییەکان و کوشتن و بڕینی ئەوان. بەمەش داواکارانی گشتی لە سەنجاقی کەرکوك و سلێمانی ئاڵوگۆڕی نامەیان کردووە لە نێوان سەرۆکی هۆزەکاندا، ئەمەش بە مەبەستی تەمبێکردن و لێپێچینەوەی ئەم تاوانە و هەروەکوو لەلایەن فەرمانبەرانی دادوەری ویلایەتەوە بە نوسراوی بەرواری ٢٢- أغوستوس- ١٣١٧ی ڕۆمی بە مەبەستی ئاگاداربوون لە ڕووداوەکان و باوردۆخی ناوچەکە شورای دەوڵەت و سەرۆکایەتیی پایەداری دەوڵەت بە مەبەستی لێکۆڵینەوەکردن لەم ڕووداوانە ئاگادار کردووەتەوە (BEO_001874_140494_003_001).[١٧]

ئەوەی جێگای سەرنجە و بە وردبونەوەمان لە بەڵگەنامە عوسمانییەکان بۆمان دەردەکەوێ، هۆزە کوردییەکانی وەکو ئاکۆ و بلباس و خۆشناو، هاوسۆزی حەمە ئاغا بوونە و لە ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ سەیید ئەحمەد دا لایەنگیری حەمە ئاغایان کردووە (BEO_001874_140494_003_001).

ئەگەرچی لە مەیدانی شەڕدا سوپاکەی حەمەئاغا شکستی هێنا، بەڵام لە ئەنجامدا هەر حەمەئاغا سەرکەوتوبوو لە پێکاندنی ئامانجەکەی و توانیی نەهێڵێت سەیید ئەحمەد لە پۆستی قائیمقامی ڕانیە بمێنێتەوە، تەنانەت کوێخا حەویز، کە بەشداریی شەڕەکەی کردبوو، دەڵێت: "دەوڵەتی عوسمانلی ویستی قەرەبووی خەسارەکەی حەمەئاغا بکاتەوە، بەڵام حەمەئاغا گوتبووی "هیچ خەسارەم لێنەکەوتووە"[١٨].

**باسی سێیەم/ ڕۆڵی هۆزی ئاكۆ لە بەرەنگاربوونەوەی ڕووس و ئینگلیزەكان:**

لەگەڵ دەستپێكی جەنگی یەكەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) و فراوانخوازییەكانی ڕوسیا و بەریتانیا بۆ ناوچەكانی كوردستان بەگشتی[19]، ئەوا دەبینین كاتێك ڕووسیا لە قۆڵی سەردەشتەوە هێرش دەكاتە سەر پشدەرییەكان، ئەوا هۆزەكانی ئاكۆ و مەنگوڕ و بلباس بەرگریاین كردووە و سوپای ڕووسەكانیان ناچاركردووە بكشێتەوە (كاكەمین، ٢٠١١، ٣١-٣٣). بەڵگەنامە بەریتانییەكان ئاماژە بە ئافرەتێكی ئاكۆیان دەكەن كە لەشەڕی ڕووسەكاندا بەشداری كردووە وتوانیویەتی ڕۆڵی هەبێت لەدەركردنی ڕووسەكان لە زۆربەی گوندەكانی ئاكۆ، ئەو كەسەش ناوی فاتیمەخانمە، خێزانی عەزیز ئاغایە و دوای مێردەكەی بۆتە گەورەی گوندەكەی خۆی و لە گوندی فەقێیان نیشتەجێبووە، ئافرەتێكی لێهاتوو و زیرەك و چاونەترس بووە و بەتەمەن بووە، فاتمەخانم زۆر لە سەرۆك هۆز و پیاوانیتر لێهاتوتربووە (Personalities, 1919, 13).

ئەوەی پەیوەست بێت بە هەڵمەتی فراوانخوازییەكانی بەریتانی و دەست بەسەرداگرتنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی و ناوچە كوردنشینەكان، ئەوا دەبینین ڕانیە و ڕەواندز و ناوچەكانیتری ئاكۆنشینیش كەوتونەتە ژێر هەڵمەتی بەریتانییەكان، بەتایبەتی لە سالانی كۆتایی جەنگی یەكەمی جیهانیدا، لەم كاتەدا دەبینین مامەند ئاغا[20]ی سەرۆكی هۆزی ئاكۆ بڕیاری ڕووبەڕووبونەوەی هێزەكانی بەریتانی ببێتەوە، هەروەها غەفورخانی سەرۆكی تیرەی باوەبیەیكانی هۆزی ئاكۆش بەشداری ئەم شەڕەدەكات و ڕۆڵێكی باش دەگێڕێت[21]، بەڵام سەرئەنجام مامەند ئاغا و هێزەكەی ناچاردەبن پاشەكشێ بكەن و خۆی و چەندین خێزان لە هۆزی ئاكۆ بەرەو ڕۆژهەلاتی كوردستان دەڕوات، لەوێش گوندێك دەكرێت بەناوی (سندوسی نەغەدە) و لەوێ دەمێنێتەوە، ئاكو كوڕەكەشی بەناوی هەباس ئاغا لە ساڵی ١٩٢٢ لەو گوندە (سندوسی) لەدایك دەبێت، بەڵام بەریتانیەیكان هێشتان وازناهێنن، بەڵكو لە ساڵی ١٩٢٢ سەركەپكان بۆردومان دەكەن كە شوێنی نیشتەجێبوونی مامەند ئاغابووە لە پێشتردا (سەرگەینێلی، ٢٠١٩، ١٧١-١٧٢). ئەمەش دەرخەری ئەوەیە ناوبراو دژی هەموو داگیركاریەیك بۆ كوردستان وەستاوەتەوە و هەمیشە پاڵپشتی جوڵانەوەی سەربازی و سیاسی ڕزگاریخوازی كوردی بووە.

ئەوەی لەم تەوەرەیەدا بۆمان دەردەكەوێت گیانی نیشتمان پەروەری و دڵسۆزی و هۆزی ئاكۆ و سەرانی هۆزەكەیە، كە هەر ەل شۆڕش و جوڵانەوەكانی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری بەشداربوون و ڕۆڵێكی كارایان هەبووە، هەربۆەی دەبینین شێخ عوبەیدوڵلاش

گرنگی بە ئاغاکانی ئەم هۆزە داوە و باس و خواس و ڕەوشی سیاسی ئەوکاتەی کوردستانی لەگەڵ باسکردوون و دەرفەت و هەوڵ و تەقەڵاکانی شۆڕشەکەی لەگەڵدا گەڵاڵە کردوون، هەروەها هەمیشە پاڵپشتی کەسانی خاوەن ماف و خزمەتکاربوونە، هەربۆیە دەبینین کاتێك حەمەئاغای کۆیە لەگەڵ سەیید ئەحمەد بەرزنجی دەکەوێتە ململانێ، سەرئەنجام شەڕ لەنێوانیان درووست دەبێت، ئەوا ئاکۆیەکان پاڵپشتی حەمەئاغای کۆیە دەکەن. تەنانەت لە ڕووبەڕووبونەوەی ڕووسەکان و بەریتانییەکانیش لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، ئەوا ئاکۆیەکان دژی داگیرکاری ئەم دوو زلهێزە دەوەستنەوە، ئەگەرچی لە پاشەکشێ پێکردنی هێزەکانی ڕووس لەناوچەکانی پشدەر سەرکەوتو دەبن، چونکە ڕووسەکان لە قۆڵی سەردەشتەوە هێرشیان هێنابوو، هەروەها هۆزی بلباس و مەنگورەکانیش لەدژیان وەستانەوە، بەڵام لەولاترەوە لە ڕووبەڕووبونەوەی بەریتانییەکان شکست دەهێنن، ئەوەش لەبەر ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی بەهانای هێزی ئاکۆیەکان نایەت و بەناچاری ئاکۆیەکان لە ڕانیە و دۆڵی ئاکۆیان دەشکێن و مامەند ئاغای ئاکۆش بەناچاری ڕوودەکاتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە. ئەم ڕۆیشتنەی مامەند ئاغاش هێشتان ئاوێکی بەدڵی بەرتیانییەکاندا نەکردووە، چونکە لە دواتر دەبینین بەریتانیەکان لەساڵی ١٩٢٢ سەرکەپکان کە شوێکی نیشتەجێبوونی مامەندئاغایە بۆمباران دەکەن و خەڵکی ناوچەکە دەکوژن.

**ئەنجام:**

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند ئەنجامێك، لەوانە:

یەکەم: هۆزی ئاکۆ هۆزێکی جیاواز بووە و لە چەند تیرەیەك پێکهاتووە و سەر بەهیچ هۆز و ئێلێك نەبووە، زۆربەی کاتیش دژی دەسەڵاتی ئەوکاتەی عوسمانییەکان وەستاونەتەوە، بەڵگەنامە عوسمانییەکان زانیاری ووردمان پێدەدەن و ئاکۆ بە هۆزێکی جیاواز لە پاڵ بڵباسەکان ناویان هاتووە، بەتایبەتی لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٧٣ کە ئەوکاتە هۆزی ئاکۆش یەکێك بووە لەو هۆزانەی لە چوارچێوەی ویلایەتی شارەزوور بووە و ملکەچی کاربەدەستانی ناوچەکە نەبوونە و باج و سەرانەیان بە دەوڵەتی عوسمانی نەداوە. هەروەها هەبوونی ئەم هۆزە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی حوکمڕانی دەوڵەتی حەسنەوەیهی. لەهەمان کاتیشدا دەبینین ئەرشیفەکانی عوسمانی و بەریتانی زۆرجار باسی کاریگەری و پێگەی ئەم هۆزەیان لەناوچەکەدا کردووە، چونکە ئەم هۆزە جوگرافیاکەی کەوتبووە ناو

جوگرافیای حوکمڕانی دەوڵەتی عوســمانی، هەروەها کەوتبووە ســەر ســنووری نێوان دەوڵەتانی عوسمانی و سەفەوی (ئێران).

دووەم: هۆزی ئاکۆ لە چەند تیرەیەك پێك دێن، لەوانە: باشــئاغایی، مەندەمەڕ، ناودەشــت (رەژێکەیی)، باوەبییە، خەیلە، شــارۆشــی، بۆڵی و بابۆڵی، گولانی، دۆلەرەقەیی، بابەکرئاغایی.

سێیەم: ئاکۆییەکان بە تەواوی پاڵپشتی خانزادی سۆران بوونە، لە زۆربەی شەڕ و هەڵمەتە فراوانخوازییەکانیدا بەشــداربوونە، تەنانەت لەدواتریشــدا خانزاد لەناوچەکانی ئاکۆیەتیدا پێگەیەکی بەهێزی هەبووە و هەمیشــە ئاکۆییەکان پاڵپشــتی خانزاد بوون، تەنانەت خانزاد خاتون یەکێك لەو قەلایانەی ئاوەدانی کردۆتەوە ئەوا لە دۆڵی ئاکۆیان بووە، کە ئەم قەلایەش بە تەپکی خانزاد لە میرەبەگ ناســراوە. تەنانەت ناســاندنی خودی ناوی ناوچەکەش بە (میرە بەگ) کە یەکێکە لە میرانی میرنشــینی ســۆران دەرخەری ئەو ڕاســتییەیە کە پەیوەندییەکی بەهێز و پتەو لەنێوان هۆزی ئاکۆ و میرنشینی سۆران هەبووە

چوارەم: ناســاوی باشــئاغایی، ئەو ناســناوە لەلایەن میر محەممەدەوە دراوە بە بەشــێك لە ئاکۆییەکان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەوکاتەدا لەشــەڕێکی نێوان میرنشــینی ســۆران و بادینان بووە، لەم شــەڕەدا حەمەد ئاغا ســەرپەرشــتی هێزی ئاکۆیەکان دەکات و لەشــەڕەکەدا زۆربەی ســوپای میر محەممەد دەشــکێت، بەلام ئاکۆییەکان دەمێننەوە و بەردەوام دەبن لەشــەڕکردن، هەربۆیە ئەمە دەبێتە هۆی ســەرکەوتنیان لەشــەڕەکە و ناســناوی باشــئاغاییان لەلایەن میر محەممەدەوە پێدەدرێت.

پینجەم: لەدوای لەناوچوونی میر محەممەد، ئەوا دەبینین مارف ئاغای ئاکۆش لەلایەن عوســمانییەکانەوە کوژراوە و ئاکۆییەکان ناوچەکانیان تالانکراوە، چونکە بەشــێك لە خەڵکی و لایەنگرانی میر محەممەد، هەروەها خزم و کەســی میر محەممەدیش لەدوای نەمانی میر محەممەد، پەنادەبەنە بەرناوچەکانی ئاکۆیان و لەلایەن مارف ئاغاوە داڵدە دەرێن، بێگومان دەوڵەتی عوســمانیش زەبر و جولانەوەکانی مارف ئاغای لەبیر نەکردووە کاتێ لەســەردەمی میر محەممەد دا چ رۆلێکی هەبووە، هەربۆیە دەیکوژن. ئەمانە دەرخەری ئەو ڕاســتییەیە کە هۆزی ئاکۆ هەمیشــە پاڵپشــتی میر محەممەد بووە، کوژرانی مارف ئاغاش بەدەســتی عوســمانییەکان بەهۆی کاریگەری پەیوەندی و دڵســۆزی مارف ئاغا بۆ میر

محەممەد و میرنشینەکەوە بووە، هەربۆیە بۆ کۆتایی هێنان بەتەواوی هەموو دەمار و دەست پێوەندەکانی میر محەممەد، ئەوا دەوڵەتی عوسمانی بیری لە لەناوبردنی کەسانیتریش کردۆتەوە، خودی مارف ئاغای ئاکۆیانیش نموونەیەکی روونە، چونکە دەزانێ بە لەناوچوونی میر محەممەدیش، ئەوا لایەنگران و دۆستانی ئەو هەرماون، بۆیە بە لەناوبردنی مارف ئاغا و هاوشێوەکانی دەتوانێت کۆتایی بە پاشماوەی میرنشینی سۆران بهێنێت و مەترسی دروستبوونەوەی ئەم میرنشینە نەهێڵێت.

شەشەم: خۆشەویستی و ناوداری ئاغایانی ئاکۆ وایکردووە نەك تەنها خەڵکی ناوچەکە، بەڵکو کورد بەگشتی بیناسن و خۆشەویستییان بۆی دەرببڕن، تەنانەت ناو و ناوبانگی و خودی کوژرانی ئاغایانی ئاکۆش لە شیعری شاعیرانی کلاسیکیدا ڕەنگیداوەتەوە و باسکراوە، بۆنموونە لە شیعرێکی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا بەناونیشانی " بۆ موراد ئاغای ئاکۆ" باس لە لێهاتوویی و دڵسۆزی و جێگەی پشتپێبەستانی خەڵك بوو.

حەوتەم: هۆزیە ئاکۆ بەشداری شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهرین و هەمیش ئاگاداری بارودۆخی سیاسی و سەربازی ئەوکاتەی کورد و کوردستان بوون. ئەگەر وورد ببینەوە لەنامەکانی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری بۆ محەممەد ئاغای ئاکۆیان، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کەوا شێخ عوبەیدوڵلا سەرۆکی هۆزی ئاکۆیانی بەدۆستێکی دڵسۆز زانیوە و ئەمەش دەرخەری هەستی نەتەوەیی و ڕۆڵی هۆزی ئاکۆیەکانە لە جولانەوەی ڕزگاریخوازی و ناسیۆنالیستی کوردیدا.

هەشتەم: بە وردبونەوەمان لە بەڵگەنامە عوسمانییەکان بۆمان دەردەکەوێ، هۆزە کوردییەکانی وەکو ئاکۆ و بلباس و خۆشناو، هاوسۆزی حەمە ئاغا بوونە و لە ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ سەیید ئەحمەد دا لایەنگیری حەمە ئاغایان کردووە.

نۆیەم: لە ڕووبەڕووبونەوەی ڕووسەکان و بەریتانییەکانیش لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، ئەوا ئاکۆیەکان دژی داگیرکاری ئەم دوو زلهێزە دەوەستنەوە، ئەگەرچی لە پاشەکشێ پێکردنی هێزەکانی ڕووس لەناوچەکانی پشدەر سەرکەوتوو بوون، چونکە ڕووسەکان لە قوڵی سەردەشتەوە هێرشیان هێنابوو، هەروەها هۆزی بلباس و مەنگورەکانیش لەدژیان وەستانەوە، بەڵام لەولاترەوە لە ڕووبەڕووبونەوەی بەریتانییەکان شکست دەهێنن، چونکە دەوڵەتی عوسمانی بەهانای هێزی ئاکۆیەکان نایەت و بەناچاری ئاکۆیەکان لە ڕانیە و دۆڵی

ئاکۆیان دەشـــــکێن و مامەند ئاغای ئاکۆش بەناچاری ڕوودەکاتە ڕۆژهەڵاتی کوردســـــتان. ئەم ڕۆیشـــــتنە هێشـــــتان ئاوێکی بەدڵی بەرتیانیەکاندا نەکردووە، چونکە لە دواتر دەبینین بەریتانیەکان لەساڵی ١٩٢٢ سەرکەپکان کە شوێکی نیشتەجێبوونی مامەندئاغایە بۆمباران دەکەن و خەڵکی ناوچەکە دەکوژن.

## لیستی سەرچاوەکان:


### أ/ دەستنووس:

- ✓ Çeleb, Evliya. (2000) Evliya Çeleb, Seyahatnamesi, Topkapı Sarayı Kütüphanesi (Awliya Chalabi Travel Book in the Topkapı Sarayı Library). Book IV. İstanbul: Topkapı Palace.
- ✓ نامەی میرمحەممەدی ڕەواندز بۆ ســولتان مەحمودی دووەمی عوســمانی لەدژی ســیاســەت و ڕەفتاری دەوڵەتی قاجاری بەرانبەر بەکورد، لەگەل پاڵپشــتی چواردە ســەرۆک هۆزی کوردی بۆ قسەکانی میر محەممەد.

### ب/ ساڵنامەی عوسمانی:

- ✓ ساڵنامەی ویلایەتی مووسڵ (موصل ولایتی سالنامەسی)، ١٣٢٥.

### ج/ بەڵگەنامە عوسمانییەکان:

- ✓ BEO. 000784. 058761. 003.
- ✓ BOA. A. DVNSMHM. 00151.00049.
- ✓ BOA.TSMA.E.1062.06, 1648,1.
- ✓ BOA.TSMA.E.1079.56, 1658,1.
- ✓ BOA. ŞFR. 00112. 00060.001.
- ✓ BOA. ŞFR. 00112. 00060.002.
- ✓ BOA. A. DVNSMHM. 00024.00129.

### د/ ئەرشیفی بەریتانی:

- ✓ Kurdistan and the Kurds' [57r] (113/122), 1 file (59 folios). It was created in 1919.
- ✓ File 4722/1918 Pt 8 'Mesopotamia: Situation' [ 97r] (204/995.
- ✓ Personalities in Kurdistan, June 1919, Bagdad, government Press.

### هـ/ کتێبەکان:

- ✓ بدلیســی، میر شــەرەفخان. ٢٠٠٦. شــەرەفنامە، مێژووی ماڵە میرانی کوردســتان. وەرگێڕانی: مامۆستا هەژار، چاپی سێیەم، هەولێر: چاپخانەی ئاراس.

- ✓ بەحرکەیی، مەلا تاهیر. ٢٠١٩. محەممەد ئاشای ڕواندزی و ئەو فەتوایەی دراوەتە پاڵ مەلای خەتێ. وەرگێڕانی: عەتا مەلا تاهیر بەحرکەیی، طهران: چاپخانەی جەنگەل.
- ✓ ابن الأثير. ٢٠٠٩. الكامل في التاريخ. مجلد ٧. بيت الأفكار الدولية.
- ✓ حەمەباقی، محەمەد. ٢٠٠٠. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ١٨٨٠ لە بەڵگەنامەکانی قاجاریدا. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- ✓ خورشید پاشا. ٢٠١٩. سیاحەتنامەی حدود. وەرگێڕانی: محەممەد هۆمەری، هەولێر.
- ✓ رؤوف، عماد عبدالسلام. ٢٠١٢. دراسات وثائقية في تاريخ الكرد الحديث وحضارتهم. دار الناشر للطباعة والنشر والتوزيع, دمشق.
- ✓ زكي بك، محمد أمين. (١٩٤٥). مشاهير الكرد وكردستان في العهد الإسلامي. بغداد: مطبعة التفيض الأهلية.
- ✓ سەرگەینێلی، محمد حسن. ٢٠١٩. هۆزی ئاکۆ لەنێوان مێژووی کۆن و نوێ دا. بەرگی یەکەم، چاپی دوەم، هەولێر.
- ✓ سەرگەینێلی، محمد حسن. ٢٠١٩. هۆزی ئاکۆ لەنێوان مێژووی کۆن و نوێ دا. بەرگی دووەم، چاپی دوەم، هەولێر.
- ✓ سدیق، فاروق عمر. ٢٠١٦. زمانناسی کورد. هەولێر: نارین.
- ✓ عەلی، عوسمان. حاجی، نیعمەت شەهاب. ٢٠١٦. فراوانبوونی دەسەڵات و لەناوچوونی میرنشینی سۆران لەسەردەمی میر محەممەد دا (١٨١٣-١٨٣٦). پرۆسیدینگی یەکەمین کۆنفراسی نێودەوڵەتی (ڕواندز و پێگەیەکی ژیاری بە دەوڵەتیبوون لە مێژووی کورد دا).
- ✓ فاروقی، عومەر. ٢٠١٤. کوردستان لە ڕێڕەوی مێژوودا. وەرگێڕانی: سەبری چاوشین خانۆ، پاخانە و بڵاوکردنەوەی سۆران.
- ✓ کاکەمین، دارا تۆفیق. ٢٠١١. ناوچەی پشدەر لەسەردەمی پاشایەتی دا (١٩٢١-١٩٥٨). سلێمانی.
- ✓ کەریم، مستەفا محەممەد. ٢٠٢٢. پێشهاتە سیاسییەکانی دەڤەری بارزان، لە ماوەی ساڵانی ١٩٠٢-١٩٣٢. هەولێر: چاپخانەی رۆکسانا.
- ✓ محمد، ئاکۆ برهان.٢٠١٢. بارودۆخی ئابوری کوردستان لەسەردەمی عەباسیدا. هەولێر: کتێبخانەی غازی.
- ✓ ممدوح، مزوری. ٢٠٠٦. مێژووی رواندز. هەولێر: چاپخانەی منارە.
- ✓ مەلا، ڕیبین سەعید. ٢٠١٦. سەید تەهای نەهری. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
- ✓ موکریانی، حوسێن حوزنی. ٢٠٠٧. مێژووی میرانی سۆران. بەرگی دووەم: هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- ✓ هاملتن. أ.م. (٢٠١٣). ڕێگایەك بە کوردستاندا. وەرگێرانی: عەلی عەبدولڕەحمان عەسکەری. هەولێر: خانەی موکریانی.

✓ هەروتی، سـەعدی عوسـمان. (٢٠١٨). خانزادی سـۆران و ئەدەبی زارەکی. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.
✓ ئەحمەد، بژار عوسـمان. ٢٠٢٣. حەمەئاغای گەورە لە بەڵگەنامەکانی عوسـمانیدا. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
✓ بولاديان، ارشـاك. ٢٠٠٩. الاكراد في حقبة الخلافة العباسـية في القرنين ١٠-١١ ، ترجمه عن الارمنية ، الكسندر كشيشان. دمشق.
✓ Başak, Tolga. 2008. İngilterenin Ermeni Politikası (1830-1923). Istanbul: Kilim Press.
✓ Sykes, Mark. 1904. DAR-UL-SALAM. London.

## و/ ئینساکلۆپیدیا:

✓ العامري، ثامر عبدالحسن. ٢٠٠٩. موسوعة العشائر العراقية. بغداد: ط٢.
✓ العامري، ثامر عبدالحسن. ٢٠١٤. موسوعة العشائر العراقية. جلد ٨، لندن.
✓ العزاوي، عباس. موسوعة العشائر العراقية. جلد ٦، لندن.

## نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:

✓ النقشبندی، حسام الدين. ١٩٧٥. الكرد فی الدينور و شهرزور. رساله ماجستير، جامعەبغداد.
✓ هومر، بەختیار مصـــطفی. ٢٠٢٣. ئێڵی بلباس "توێژینەوەیەکە لە بارودۆخی کۆمەلایەتی و مێژووی سیاسی". تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.
✓ Ahmed, Bzhar Othman. 2020. KURDISH LIFE AND ROLE IN THE OTTOMAN ADMINISTRATION IN EVLIYA ÇELEBI'S SEYAHATNAME. PhD Dissertation, IIUM.

## ز/ گۆڤارەکان:

✓ حاجی غەفور باوەیلی، ئاخ ئاکۆ، ژمارە ١، ٢٠٠٨، ١-٣.

## ح/ ماڵپەڕ:

✓ مەریوان، بەیاد. ٢٠١٩. شـێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک
خـــاك تـــیـــڤـــی، ٢٠١٩/٦/١، https://www.khaktv.net/profile-detail.aspx?jimare=2247.
✓ کۆچەری، سەلمان. ٢٠١٩/٦/٢٤. هەمزاغا: عەشیرەتی ئاکۆ باڵی مەکتەب سیاسییان پاراست و مام جەلالی پێگەیاند و داینەمۆکی شۆرشی نوێ بووین....، skurd.net.

## پەڕاوێز:

[1] بۆ بینینی دەقە بزماریەیکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (یەك) لە لیستی پاشکۆکاندا.

[2] هیلالی کوڕی بەدر (٤٠٥ کۆچی/١٠١٥ز)، سێیەم ئەمیری میرنشینی حەسنەوی بۆ ماوەیەکی درێژ حوکمڕانی نەکرد. پێش مردنی باوکی میر بەدر، هیلال یاخی لە باوکی بوو. بە پشتیوانی عەشیرەتی توانی دەست بەسەر دەسەلاتدا بگرێت. بە لام بە هۆی وردبینی سیاسی میر بەدر و پە یوەندییە باشە کانی لە گە ڵ بویهییەکان، بە هاوکاری ئەوان توانی هیلالی کوڕی لەدەسەلات دوورخستەوە. دوای مردنی میر بەدر، لە کۆتاییدا میر هیلال وەک میری میرنشینی حەسنەوی دەستنیشانکرا و نازناوی "قوتب عەلی"ی پێبەخشرا. هەروەها سوپایەکیان بۆ پشتیوانیکردن لێی دابینکر، بەلام هێزەکانی شکستیان هێنا و لە هەمان ساڵدا گیرا و کوژرا (بولادیان، ٢٠٠٩، ٩٣).

[3] دەوڵەتی حەسنەوەیهی: ئەم دەوڵەتە دەگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەرێك بەناوی حەسنەوەیهی بەرزیکانی، کە لە ساڵی٩٥٩ز دەتوانێت کۆنترۆڵی دینەوەر و هەمەدان و نەهاوەند بکات و میرنشینەکە دابمەزرێنێت، تاکو ساڵی ١٠١٥بەردەوام دەبێت تاکو بەدەستی میرنشینی عەنازی لەناودەچێت. بڕوانە (النقشبندی، ١٩٧٥، ١٣٠؛ محمد، ٢٠١٢، ٤٦).

[4] ئەم کوڕەش ناوی تاهیری کوڕی هیلال (٤٠٥-٤٠٦ کۆچی/١٠١٥-١٠١٦ز) بوو (ابن الأثیر، ٢٠٠٩، مجلد ٧، ٥٩٣).

[5] خورشید پاشا یەکێکە لە لە کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی، ناوبراو لە ساڵی ١٨١٣ لەدایکبووە، و لە ساڵی ١٨٧٨ کراوە بە چاودێری دادوەری، دواتری شکاروە بە والی ئەنقەرە، ناوبراو گەشتێکی بۆ کوردستان کردووە و لەماوەی گەشتەکەیدا یاداشتەکانی بە ناونیاشنی سیاحەتنامەی حدود تۆمارکردووە (خورشیدپاشا، ٢٠٢٩، ٢٨٨).

[6] میرنشینی سۆران: یەکێکە لەمیرنشیە بەهێزەکانی باشوری کوردستان، ئەولیا چەلەبی باس لە بەهێزی ئەم میرنشیە لەسەردەمی خۆیدا دەکات کە هاوکاتە لەگەل ماوەی حوکمڕانی خانزادی میری سۆران، ئەو پێی وایە ئەم میرنشیە زۆر بەهێزە و خاوەنی پەنجا تا شەست هەزار سەربازی ئازا و لێهاتووە، لە هەموو دەرفەتێکدا لەتواناایان دا هەیە هێرش بکەنە سەر ئێران، ئەوکاتیش جوگرافیای ئەم میرنشینە گەورە بووە و تاکو هەولێریشی گرتۆتەوە و بە بەشێك لە میرنشینی سۆران هەژمار کراوە (Çelebi, 2000, 685).

[7] سەرەڕای ئەوەی خانزاد وەکو حوکمڕانێکی گەورە لەنێو میرنشینی سۆراندا دەرکەوت، بۆنموونە وەکو پەرچەکردارێك لەبەرامبەر کوژرانی "سلێمان بەگ"، ئەوا خانزاد لە دەوڵەتی عوسمانی یاخی دەبێ و بڕیاری شەڕکردن لەدژی عوسمانییەکان دەدات (هەروتی، ٢٠١٨، ١١٣). لەهەمان کاتیش دا سەرکردەیەکی سەربازی لێهاتوو بوو، بۆنموونە ئەسکەندەر بێك

تورکمان لە کتێبەکەیدا بەناوی "ذیل عالم آرای عباسی" لەمیانەی ڕووداوەکانی ساڵی ١٠٣٢ك/١٦٢٣ز لە بەرامبەر شاڵاوی هێزەکانی ئەردەڵانی و سەفەوییەکاندا ناوی خانزادی سۆران دەهێنێت کە بەرگری لە میرنشینی سۆران کردووە، هەروەها لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٦٣٩ز لە سەردەمی هەڵمەتەی سوڵتان موردای چوارەمدا ئازووقەی بۆ سوپای عوسمانی دابین کردووە (هەروتی، ٢٠١٨، ١٠٤-١٠٥). لە قۆناغەکانی دواتریش دەبینین دەوڵەتی عوسمانی لەسەر ئەرکی سوپای هومایۆنی عوسمانی مووچەی بۆ خانزاد خاتوون لەسەر دارایی ویلایەتی مووسڵ بڕیوەتەوە (BOA.TSMA.E.1079.56, 1658,1). خانزادی سۆران نەك هەر لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنانەت لە باشوری کوردستانیشدا چەندین هەڵمەتی ئەنجامداوە و سەرکردایەتی سوپای میرنشینی سۆرانی کردووە، بۆنموونە لەساڵی ١٦٢٣ز دەوڵەتی سەفەوی فراوانخوازیکرد و شاری بەغدای داگیرکرد، لەو هەڵمەتەدا خان ئەحمەد خانی ئەردەڵانیش بەشداریکرد و توانی شاری کەرکوك داگیربکات، هەروەها بەمەبەستی داگیرکردنی ناوچەکانی میرنشینی سۆران، هێرشی کردە سەر ناوچەکانی ژێر دەستی میرەبەگ لە میرنشینی سۆران و چەندین جارێك لە زێی بچووك پەڕییەوە وچەند شەڕێك ڕویدا، بەڵام خانزادە خاتوون و سەربازانی میرنشینی سۆران لەدژیان ڕاوەستا و توانیان خان ئەحمەد خان و قزلباشەکانی سەفەوی تێکبشکێنن، ئەگەرچی بەشێکی ناوچەکانی میرنشینی سۆران لەسەرەتاد لەلایەن خان ئەحمەد خانەوە دەستی بەسەرداگیرا، بەڵام ئەمە درێژەی نەکێشا، هەروەکو ئەسکەندەر بێك تورکمان لە باسی ڕووداوەکانی ساڵی ١٦٢٩زدا باسی هەڵمەتێکی سەربازانی میرنشینی سۆران بەسەرکردایەتی خانزادەخاتوون دەکات کە بۆ سەر شاری کەرکوك ئەنجامیانداوە، کە ئەوکاتە شاری کەرکوك لەلایەن سەفەوییەکانەوە داگیرکرابوو (هەروتی، ٢٠١٨ ، ١١٦،١٠٤). توێژەر سەعدی عوسمان هەروتی لە کتێبەکەیدا بەناوی "خانزادی سۆران و ئەدەبی زارەکی" ئاماژە بە خانزاد خان دەکات، کە یەکەم ناوهێنانی ئەو لەسەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی لەمیانەی ڕووداوەکانی یاخیبوونی "بەکر سوباشی"دا ناوی خانزاد هاوشانی چەند سەرکردیەیەکیتری ناوچەکە و چەند بەرپرسێکی دەوڵەتی عوسمانی دەهێنێت، هئەم هەواڵەی کە نووسراوە دەڵێت خانزاد خاتوون و چەند سەرکردەیەکی سۆران، کە ئەمەش دەرخەری ئەم ڕاستیەیە خانزاد خاتوون سەرکردەی گەورە و دیاری سۆران بووە (هەروتی، ٢٠١٨، ١٠٤، ١١٦). هەروەها گەریدەی عوسمانی ئەولیا چەلەبی زۆر پێی سەرسام بووە کە لە سەردەمی حوکمڕانی سوڵتان موردای چوارەمدا، ژنێکی کورد بە ناوی خانزادی میری سۆران فەرماندەیی هەریر و سۆران لە پارێزگای شارەزووری دەکرد. سەرەڕای ئەوەی میرنشینی سۆران خۆی ویلایەت و حکومەتێك نەبوو، بەڵام سوپایەکی زۆر گەورەی هەبوو کە نزیکەی ٤٠-٥٠ هەزار سەربازی تێدابوو، لەنێویاندا ١٢ هەزار پیادە و ١٠ هەزار ئەسپ سوارهەبوون (Çelebi, 2000, 373). بەمجۆرە حوکمڕانی خانزاد خاتوون وەکو ئافرەتانیتری کورد لە پێشوودا درێژەی کێشا تاکو هاتنە سەردەسەڵاتی کوڕەکەی بەناوی ئەحمەد خان لە ساڵی ١٦٤٨ز، هەروەها خۆشی

ڕۆژانە بڕی ١٢٠ قروشـــی بۆ بڕابۆوە و مانگانە لە خەزێنەی دارایی ویلایەتی مووســـڵەوە وەریدەگرت (BOA.TSMA.E.1062.06, 1648,1) ، کە ئەمە هەم وەکو خانەنشـینییەك و وەکو پاداشـــتێك بوو بۆ خانزادە خاتوون لەلایەن ئیدارەی دەوڵەت و ســـوپای هومایۆنی عوسمانییەوە بۆ دابینکردنی خۆراك و پێداویستی کۆشکی خانزادە خاتوون. ئەوەی جێگای ئـامـاژەیـە ئـەم موچـەیـەی هـەر لـە ســـاڵی ١٦٢٩ تـاکو ســـاڵی ١٦٥٨ز پێـدراوە (BOA.TSMA.E.1079.56, 1658,1).

٨ بۆ بینینی دەقی شـــکایەتنامەکەی میر محەممەد و ناوی هۆزەکانی پاڵشـــتی ئەو، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (دوو) لە لیستی پاشکۆکاندا.

٩ ئەگەرچی پێناسە و شیکردنەوەی زۆر بۆ شاری کۆیە کراون، بەڵام ئێمە دەڕوانینە سەرچاوە عوسمانییەکان، کە باسی شاری کۆیە دەکەن، بە تایبەتی لە ساڵنامەیەکی عوسمانیدا کە ڕێکەوتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ســەردەمی ژیانی حەمەئاغای کۆیە، بەم شـێوەیە باسـی شـاری کۆیـە دەکـات: "کۆیـە لـە بـاکوری لیوای شـــارەزوورە، قـەزای کۆیـە ١٨ کـاتژمێر لـە کەرکوکەوە دوورە، لەم قەزایەدا دوو ناحیە هەیە بە ناوەکانی (شەقڵاوە " بالیسان"). خەڵکی قەزای کۆیە زۆرینەی کوردن، تەنها هەندێك مەســـیحی هەیە، کە لە گوندی هەرمۆتە (لەســـاڵنامەکەدا بە أرموطة ناوی هاتووە) دەژین و نیو کاتژمێر لە شـــاری کۆیە دوورە. لەم گوندەدا ١٠ ماڵی کلدانی هەن، لە شاری کۆیەدا بازرگانیی توتن بە شـێوەیەکی زۆر فراوان هەیە، ئەم شارە لە دامێنی چیای ئەیوبسوڵتان (هەیبەتسوڵتان)ە، سەرچاوەی ئاوی ئەم شارە لە شـاخ و دەشـتی کۆیەوە هەیە. لەم شـارەدا (١) دانە حکومەت قۆناغی (کاروانســەرا)، یەك دانە قشـــڵەی هومایۆنی، (١) دانـە ردیف دبوبی، (١) دانـە جـامع (مزگـەوت)، (١٠) دانـە نوێژگـە (مصلی) هەیە. هەروەها شـەش قوتابخانەی منداڵان و سێ مەدرەسـە و سێ تەکیە و ١٤٢٠ ماڵ هەیە و ٤٢٠٠ کەس لە کۆیە دەژین. هەروەها ٣٤٠ دوکان و (٥) قاوەخانە و (٨) ســوختە و (٣) حەمام و (١) فرن و یەك بنکەی ئاســـاییش هەیە. هەروەها لە ڕێی زێی بچوکەوە بەهۆی ئەســـکەلەی تەقتەق (شـــوێنی ڕاوەســـتانی بەلەم) شـــاری گرنگترین و پڕئیشـــترین ڕێگای بازرگانیی هەیە.[٩] شـــاری کۆیە پێگەیەکی گرنگی هەبوو، ئەویش بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی شارەکە، کە لە بازرگانیدا پێگەیەکی باشی هەبوو، هەروەها لە ڕووی باشی و زۆریی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانەوە، تەنانەت بازرگانیی توتن و میوە لە نێوان شاری کۆیە و بەغدا و شارەکانی تری وەکوو هەولێر و کەرکوك و سنە و سابڵاغ دەکرێت (موصل ولایتی، ١٣٢٥، ٢٢٢).

١٠ شێخ عوبەیدوڵڵا کوڕی سەید تەهای نەهری کوڕی شێخ ئەحمەد شیهابەددینە و لە گوندی نەهری لە ناوچەی شـــەمزینان لە ســـاڵی ١٨٣٠ لەدایکبووە. ســـەید تەهای نەهری توانی شـــێخنشـــینییەك لە نەهری دابمەزرێنێت، پاش مردنی ئەو، شـــێخ عوبەیدوڵڵا جێگەی باوکی گرتەوە و بووە ڕێبەری تەریقەتی نەقشـــبەندی و ســـەروەت و ســـامانێکی زۆری بە میرات بۆ

ماوەتەوە. لە شەڕی ١٨٧٧-١٨٧٨ لە نێوان ڕووسیا و عوسمانیدا یارمەتی سوپای عوسمانی داوە و چونکە چاوەڕوانی ئەوەی کردووە کە سود لە ئەنجامەکانی شەڕ وەربگرێت و هەوڵ بدات لەو شەڕەدا ببێ بە سەرکردەی ئەو کوردانەی کە بە ناوی "غەزا"وە کۆبوونەتەوە، هەتا بتوانێت لە کاتی پێویستدا ئەو هێزە بۆ بەرژەوەندیی کورد بەکار بهێنێت. بەشداریکردنی شێخ عوبەیدوڵلا لەو شەڕەدا هۆشیاریی سیاسیی قوڵتر کرد و لە راستی و سروشتی دینی دەوڵەت و رواڵەتەکەی و مەبەست و مەغزا جیهادییەکەی عوسمانییەکان گەیشتووە، زۆرتر لەگەڵ کوردانی تردا ئاشنایەتی پەیدا کرد و هەر لەو شەڕەدا هەندێ چەکیشی دەست کەوت. لەو ساتەدا خەڵك لەژێر باری نەبوونی و ناهەمواریی ژیاندا بوون، بۆیە پەنایان بۆ شێخ عوبەیدوڵلا برد، چونکە وەك رابەرێکی ئاینی و رزگارکار سەیرییان کردووە. شێخ پێیوابوو تاقە دەرمانی چارەسەرکردنی کێشەی کورد دامەزراندنی کوردستانێکی گەورەیە، ئەویش بە یەکخستنی کوردەکانی ئێران و کوردەکانی سنووری عوسمانییە، بۆیە شۆڕشی چەکدارانەی شێخ عوبەیدوڵلا لە تشرینی یەکەمی ١٨٨٠دەست پێ دەکات و هێزەکانی خۆی دابەشکرد بەسەر چەند بەرەیەکدا. دوای چەندین شەڕو سەرکەوتن، دواجار سوپای عوسمان و ئێرانیی و بەشێك لە خێڵە کوردە خۆفرۆشەکان، توانیان شۆڕشەکە دامرکێننەوەو نەیهێڵین و شێخ عوبەیدوڵلاش بۆ ئەوەی خوێنی تر نەرژێت، ناچار خۆی بەدەستەوە دا. ئەوە بوو گرتیان و نەفیان کرد بۆ شاری مەککە. لە تشرینی یەکەمی ١٨٨٣دا بەنەفیکراوی لەوێ کۆچی دوایی کرد (حەمەباقی، ٢٠٠٠، ٤٢-٥٨؛ مەلا، ٢٠١٦، ٣٣ ؛ مەریوان، ٢٠١٩).

١١ شێخ عەبدولقادر نەهری: کوڕی سەرکردەی ئاینی و سیاسی کورد (شێخ عوبەیدوڵلای نەهری)یە، لەساڵی ١٨٨١ لەکاتی کۆتایی پێهێنانی شۆڕشەکەی باوکیدا لەگەڵ باوکی دەنێردرێتە مەکە، دواتر لە ساڵی ١٩٠٨ لەگەڵ کودەتای تورکە لاوەکان دەچێتە ئەستەنبۆڵ، ئەو لایەنگری هزری ئۆتۆنۆمی بۆ بۆ کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا. لەساڵی ١٩٢٥ بەبیانووی بەشداریکردنی لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانەوە لەلایەن کەمالییەکانەوە دەستگیردەکرێ و دواتریش لەسێدارە دەدرێت (کەریم، ٢٠٢٢، ٥١).

١٢ حەمەئاغا کوڕی مەحمودئاغا کوڕی حەمەدئاغا (حەمەئاغای گەورەش بەناوی ئەوەو کراوەتەوە) کوڕی کەریم ئاغای کوڕی غەفور ئاغایە. لە ساڵی ١٢٥٤ك / ١٨٣٨ز لەدایك بووە، ئەویش بەپێی گێڕانەوەی مەسعود مەحەمەد کە پێی وایە لە ساڵی ١٢٥٤ك لەدایك بووە، بەو پێیەی ساڵی کۆچی دوایی ئەو ١٣٣٨ك / ١٩٢٠ز بووە و ماوەی ٨٤ ساڵ ژیاوە، واتە بڵێین (١٣٣٨-٨٤=١٢٥٤) لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ حەمەئاغا ٨٤ بەهاری بینیوە سەبارەت بە ساڵ و شوێنی کۆچی دوایشی ئەوە بەڕوونی دیارە، تاهیر ئەحمەد حەویزی لە بارەی ڕۆژی کۆچی دوایی حەمەئاغای کۆیەدا دەڵێت: "حەمەئاغا لە شەوی ٢ لەسەر٣ی ئابی ١٩٢٠ کۆچی دوایی کرد، ڕۆژەکەشی زۆر گەرم بوو، ئاسمان هەورێکی ئەستوور دایگرتبوو، دوای نیوەڕۆ قەبرەکەی لە (کەکۆن) تەوابوو و ئینگلیزەکان بە فەرمی تا سەر گۆڕەکەی لەگەڵی

چوون". حەمەئاغا هەر لە سەرەتای گەنجێتییەوە سوارچاك بووە و هەمیشە تیغ و ڕەمب (ڕم)ی هەڵگرتووە، بەڵام لە دواتردا و لەگەڵ پێشکەوتنی تفەنگی ئاگردار، ئەویش گۆڕانکاریی کردووە و تفەنگی ئاگرداری هەڵگرتووە، تەنانەت دەڵێن ئەوکاتانەی لە سەفەر دەگەڕایەوە و تفەنگ و فیشەکدانی بناردایە کامە ژووری خێزانی، ئەوا مانای وابووە مێوانی ئەویان دەبێت، چونکە حەمەئاغا لە ماوەی ژیانیدا پێنج خێزانی هەبووە، بە ناوەکانی: ڕەعبەی کچی حاجی بەکرئاغا، عەیشانی کچی ئەبابەکرئاغا، عەیشێ (لە سەییدەکانی باداوەیە)، حەبیبەی کچی ئەمین ئاغای حاجی بەکر ئاغا، عەیشە (ئایشەخان) کچی ئەسعەد ئاغای حاجی بەکر ئاغا. خودی حەمەئاغا کەسێکی باڵابەرز بووە و زۆریش گرنگیی بە ڕێکپۆشی و جلوبەرگی جوان نەداوە. هەروەها ئەو موڵك و ماڵەی حەمەئاغا لەبەردەستیدا بووە، هەمووی بەخۆی کڕیویەتی و یاخود بەکرێ لە دەوڵەت وەریگرتووە. برایەکی لە خۆی گەورەتری هەبووە، بەناوی (سمایل ئاغا)، بە بەڵگەی ئەوەی قادر ئاغای کوڕی سمایل ئاغا و حەمەئاغا ولاشزاوا بوونە و هەردووکیان سەروو کچێکی حاجی ئەسعەد ئاغای حەوێزییان هێناوە (ئەحمەد، ٢٠٢٣، ٣٨-٤٩).

١٣ مەسعوود محەمەد، س.پ، ل١٠٧.

١٤ لەم شەڕەدا حەمەئاغا ڕاستەوخۆ بەشداری نەکردووە و لە کۆیە ماوەتەوە، هەرچەندە زۆر گەڕانمان کرد بۆ زانینی هۆکاری بەشداری نەکردنی ڕاستەوخۆی شەڕەکە، بەڵام نەگەیشتین بە وەڵامێکی گونجاو. هەرچەندە دواتر بە بیستنی هەواڵی شکستی لەشکرەکەی، ئەوا سواری ئەسپەکەی دەبێ و دەچێتە بەرەی شەڕەکە، زۆر کەس داوای لێدەکەن نەڕوات، بەڵام بە گوێیان ناکات، تاکو لە "دەباخان" کەسێك بە ناوی (برایم) دەچێتە پێشی و داوای لێدەکات بگەێتەوە و نەچێت، ئینجا بە قسەی دەکا و دەگەڕێتەوە. طاهر أحمد حەوێزی، س.پ، ل٩٦.

١٥ طاهر أحمد حەوێزی، س.پ، ل٩٥.

١٦ مەسعوود محەمەد، س.پ، ل١٠٧.

١٧ بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (سێ) لە لیستی پاشکۆکاندا.

١٨ مەسعوود محەمەد، س.پ، ل١١٠.

١٩ پێویستە ئاماژە بۆ سیاسەتی وڵاتانی زلهێزی ئەوکاتی بکەین، کە لەو سەردەمیدا حکومەتی بەریتانیا لەگەڵ پەرەپێدانی سیاسەتی کۆنترۆلکردنی ڕێگاکانی بازرگانی لە وڵاتی هیندستانەوە تاکو بەریتانیا، وە لە دەرئەنجامی هێرشەکانی ناپلیۆن بۆسەر وڵاتی میسر و دروستکردنی مەترسی بۆسەر نفوزی بەریتانیا لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا بەریتانیا کاری بۆ ستراتیژییەتەکی بەهێز کرد، ئەویش کۆنترۆلکردنی تەواوی ڕیگاکانی بازرگانی بەگشتی و دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی. هەر لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم

پلانەدا نەیارێکی نوێ و بەهێز بۆ بەریتانیا دەرکەوت، ئەویش ڕوسیا بوو. خودی ئەم دەرکەوتنەش لە هەوڵەکانی فراوانخوازی و هاتنەخوارەوەی ڕوسیا بۆ کۆنترۆلکردنی ئاوە گەرمەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بو بە دەرخەری ئامانجی ڕاستەقینەی ڕوسیا و ئەمەش مەترسی لەسەر سیاسەتی بەریتانیا زیاتر دروستکرد. هەر ئەمەش وایکرد ترسی دەستدرێژییەکانی روسیا بۆسەر دەوڵەتی عوسمانی و تێکدانی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی ڕونتر کرد، لێرەوە بەریتانیا بەدوای چەند پاساوێك یاخود چەند دەرفەتێك دەگەڕا بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەویش بە بەکارهێنانی ئەرمەنەکان و گەورەکردنی کێشەی ئەرمەن لە ناوچەکەدا. بەریتانیا بۆ بەرگریکردن لە ئەرمەنەکان و باسکردنی کێشەی ئەرمەن دوو ئامانجی سەرەکی هەبوو، ئەوانیش بریتی بوون لە: ڕێگریکردن لە بەرەوپێشچوونەکانی ڕوسیا و فراوانخوازییەکانیان بەرەو ئاوە گەرمەکان، کە بەگشتی ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەگرێتەوە، هەروەها بەریتانیا دەیویست بە بەکارهێنانی ئەرمەنەکان دەست لە کاروباری ناوەخۆی دەوڵەتی عوسمانی وەربدات و کاریگەری لەسەر ئاراستەی سیاسەتی ئەو وڵاتە هەبێت. بۆ ئەمەش چەند پاساوێکی هەبوو کە خۆی لە پاراستنی مەسیحییەکانی ناودەوڵەتی عوسمانی و پاراستنی ئەرمەنەکان و نزیکبونەوە لە بارودۆخ و گوزەرانی ئەرمەنەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی. لەهەمان کاتدا بەریتانیا لەگەڵ دەسپێکی جەنگی یەکەمی جیهانی و دەرکەوتنی دەوڵەتی عوسمانی لەبەرەی دژی هاوپەیمانان، ئەوا دەستیکرد بە هێرش کردن بۆسەر خاکی دەوڵەتی عوسمانی لە باشوری عێراقەوە بەرەو ناوچەکانی کوردستان هات، هەروەها ڕووسیاش لەهەمان کاتدا بە پاساوی ئەرمەنەکانەوە لە باکور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەرەو کوردستان هات (Başak, 2008, 27-31)

[٢٠] مامەند ئاغا لە ساڵی ١٩٣٧ کۆچی دوایی کردووە و لە پاشقۆتەڵ نێژراوە، ناوبراو بەشدارێکی چالاکی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری بووە، باوکی عەباس ئاغا (هەباس ئاغا)ی ئاکۆیانە. هەروەها لە ساڵی ١٩١٦ بەشداری شەری دژی ڕووسەکان کردووە و نیشانەی ئازایەتی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە پێدراوە (سەرگەینێڵی، ٢٠١٩، ١٧١).

[٢١] بۆ بینینی چەند چەکدارێك و ئیبراهیم ئاغای ئاکۆیان بروانە پاشکۆی ژمارە (چوار) لە لیستی پاشکۆکاندا.

## پاشکۆیەکان

## پاشکۆی ژمارە (یەك):

وێنەی ئەو دەقە مێخییەی کە گوایە ناوی ئاکۆ نووسراوە.

وەرگیراوە لەکتێبی (سەرگەینێلی، هۆزی ئاکۆ لەنێوان مێژووی کۆن و نوێ دا)، ل ١٧٥



## پاشكۆی ژماره (دوو)

بینینی دەقی شكایەتنامەكەی میر محەممەد و ناوی هۆزەكانی پاڵشتی ئەو


Scanned with CamScanner

**پاشکۆی ژماره (سێ)**

**پاڵپشتی هۆزی ئاکۆ له پاڵ بڵباس و خۆشناوەکان بۆ پشتگیری حەمەئاغای کۆیه و شەڕکردن لەگەڵ سەیید ئەحمەد بەرزنجی**

**وەرگیراوه له ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانی**




BEO.001874.140494.003

## پاشکۆی ژمارە (چوار)

وێنەی چەند چەکدارێکی هۆزی ئاکۆ و برایم ئاغای حەمەد ئاغا کە دەکاتە برای مامەند ئاغای باوکی عەباس ئاغای ســـەرۆکانی ئاکۆ,ســـاڵی ١٩٠٦ لە پاشـــقۆتەڵ لە ناحیەی سـەرکەپکانی ئاکۆیان مارك سـایس وێنەکەی گرتووە. وەرگیراوە لە ( Mark Sykes, DAR-UL-SALAM, 1904, 217)



AKU KURDS.



IBRAHIM AGHA, CHIEF OF THE AKU KURDS.

# دور قبيلة آكو السياسية والعسكرية في كردستان العثماني بين السنوات

# ١٨١٣ – ١٩١٨

**الملخص:**

على مر التاريخ كانت للقبائل ودورها وأثرها على التطورات والمتغيرات التي صاحبت مجتمعاتهم وتباينت اهتماماتهم وأثرهم ودورهم الاجتماعي والسياسي والعسكري ومن عصر لآخر. وبقيت اثرها بعض القبائل شاخصة الى يومنا هذا، لما كانت لها دور فعال في مجريا الاحداث التاريخية، منها دورهم في نشوء الامارات والامبراطوريات والحضارات، وفي كثير من الاحيان نجد أيضا لهم الدور في سقوط الدول والتدهور الحضارات. القبائل الكردية كانت لها أدوار المختلفة ومشرفة في أحداث التاريخية التي صاحبت المجتمع الكردي ولاسيما داخل الامارات الكردية في فترة حكم الدولة العثمانية، وكانت لها بصمتها السياسية والعسكرية من خلال الحقبة التي تلت سقوط الامارات الكردية. بل وحتى خاولوا جاهدا تأسيس كيان كردي بالإضافة الى مشاركتهم الفعالة في الحركة القومية الكردية. لذا كان البحث عن القبيلة آكو أمر ضروري، تلك القبيلة التي برز دورها في الإمارة سورانية، وكان ايضاً عنصراً هاماً وطرفاً بارزاً في الأحداث التاريخية ولا سيما خلال فترة حكم الأمير محمد السوراني، بالإضافة الى دورهم الفعال في نضال الحركات الكردية وكانوا خير سند لها، وبما اننا لم نجد بحثاً أكاديمياً حول هذا الفبيلة ودورها التاريخي كانت حاجة ماسة الى ايضاح دور قبيلة آكو وتسليط الضوء عليها من خلال بحث أكاديمي، وبيان مدى مشاركتهم في الامارات والحركات الكردية، ودورهم السياسي والعسكري في أواخر العصر العثماني في كردستان ومن ثم إبراز دورهم خلال الحرب العالمية الأولى ونضالهم ضد الإحتلال الروسي والبريطاني .

قوام البحث هو دور قبيلة آكو السياسية والعسكرية في كردستان العثماني بين السنوات ١٨١٣ – ١٩١٨، التي من خلالها شاركوا في العديد من الحركات التحريرية الكردية.

**الكلمات الدالة:** *آكو، قبيلة، كرد، كردستان، آغا، الامارة.*

## the political and military role of the Ako tribe in Ottoman Kurdistan from 1813 to 1918

**Abstract:**

The role and influence of tribes in societies have historically varied across different times, locations, and events. Their social, political, scientific, and military importance has evolved from one era to another. While tribes have contributed to the formation of states, empires, and civilizations, they have also been implicated in their collapse and destruction. Kurdish tribes have held different positions within Kurdish society, particularly during the Ottoman Era in Kurdistan when they had a prominent role in the Kurdish emirates. After the collapse of these emirates, tribes continued to play significant political and military roles, often striving to establish a Kurdish entity and actively participating in nationalist movements. Among these tribes, the Ako tribe played a notable role in the Soran Emirate, especially during the reign of Meer Mohammed of Soran. Throughout modern and contemporary Kurdish history, they have consistently played a crucial supportive role in various movements. Despite their significant contributions, there is a lack of specific scholarly research on the history of the Ako tribe. However, their nationalistic sentiment and resistance against the Russian and British occupation during the final years of Ottoman rule in Kurdistan and throughout World War I are well-known.

In essence, this study aims to scientifically examine the political and military role of the Ako tribe in Ottoman Kurdistan from 1813 to 1918, focusing on their active participation in several Kurdish liberation movements.

**Keywords:** *Ako, Tribe, Kurd, Kurdistan, Agha, Emirate.*